دوارۆژ



به یادی
هاوڕێ "سانیه
بەهرامی"
5



ژنان جەنگاوەرانی
ناو خەبات...
7

بڵاوکراوەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات | ژمارەی ١٣٤ - ساڵی دەیەم | ٢ی خەرمانانی ١٤٠٤ی هەتاوی

سەروتار

## ڕێڕەویی ترەمپ بۆ خنکاندنی ئێران

محەمەد حەکیمی

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرۆک وەزیرانی دوو وڵاتی ئەرمەنستان و ئازەربایجان، ڕێکەوتنی "داڵانی زەنگزۆر"یان واژۆ کرد. دۆنالد ترامپ لە ناو مەراسمی واژۆ کردنەکەدا وتی؛ زیاتر لە ٣٥ ساڵە ئەرمەنستان و ئازەربایجان خەریکی کێشمەکیش و شەڕ بوون و جگە لە ماڵوێرانی هەزاران کەس ئاوارە و کوژراون، ئەمە هەر دوو وڵاتی تووشی کێشە کردوە و ئێستا بە واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنە، ڕێگایەکی نوێ بۆ ئاشتی و کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتیی دەیان ساڵەی نێوان هەردوو وڵات کرایەوە.

ڕێکەوتنی، ئەمریکا، ئەرمەنستان و ئازەربایجان بۆ " داڵانی زەنگزۆر" و دانانی ناوی ترامپ لەسەر ئەو ڕێگەیە، کاریگەری گرنگی لەسەر ئابووری، ژئۆپولوتیک و ئەمنیەتی نە تەنها بۆ ڕژیمی ئیسلامی ئێران هەیە بەڵکوو وڵاتی روسیەش زەرەرمەندی سەرەکەییە و ناتۆ دەبێتە هاوسنووری وڵاتی روسیە و ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو وڵاتە دادەنێت و ئەم ڕێکەوتنە بە گشتی ئێران زیاتر دەخاتە مەنگەنەوە و ڕۆڵی ڕژیم لە ترانزیتی ناوچەکە و بە تایبەتی وڵاتی "قەفقاز" کەم دەکاتەوە. لە یەکێک لە بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتنەدا هاتووە کە وڵاتی ئەرمەنستان مافی تایبەتی بەڕێوەبردنی ئەم کریدۆرەی بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ ئەدات بە ئەمریکا و "دونالد ترامپ" ئەم ڕێگەی وەک "ڕێگەی ترامپ بۆ ئاشتی و باشکردنی جیهان" ناوناوە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێگەی "داڵانی زەنگزۆر" ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ڕێگەکانی دیکە باج لە هیچ کەلوپەلێک وەرناگیرێت.

ئەم داڵانە پێشتر لە ڕێگەگەلێک وەک وڵاتانی "لەهستان و لیتوانی" و برلین لە سەردەمی شەڕی سارد بە کار هێنراوە. ئەمە لە لایەکەوە و لەلایکی دیکەوە "ئیلهام علی ئۆف" سەرۆک وەزیرانی ئازەربایەجان وتی: ئێمە ئەمڕۆکە لە قەفقازی باشوور بەرگێکی نوێمان لە مێژوودا نووسیەوە و بە ئاشتی گەیشتین، هەروەها "نیکۆل پاشینیان" سەرۆک وەزیرانی ئەرمەنستانیش وتی: ئەم ڕێکەوتنە وەرزێکی نوێیە لە ئاشتی و هەروەها وتیشی ئێمە خەریکین بەردی بناغەیەک باشتر لە ڕابردوو کە ئەزمونمان کردوە، دادەنێن.

ئەم ڕێکەوتنە کاردانەوەی بەرپرسانی ئێرانی لەگەڵ خۆیی هێنا و "عەلی ئەکبەر ولایەتی" ڕاوێژکاری خامنەیی وتی: هەر جۆرە هەوڵێک بۆ دروستکردنی ئەم داڵانە لەگەڵ پەرچەکرداری سەختی ئێران ڕووبەڕوو دەبێتەوە و تاران ئەمە وەک هەڕەشەیێکی جدیی بۆ سەر سنووری خۆی و جێگەی ترانزیتی ئەو وڵاتە دادەنێت و ئەم ڕێکەوتنە سنووری ژئۆپولتیکی ناوچەکە دەگۆڕێت،

›› لاپەڕە ٣

# ٢٨ی گەلاوێژ دەرفەتەکان و ئەرکەکان

دوارۆژ



٤٦ ساڵ بەسەر فەرمانی خومەینی بۆ هێرشی هەمەلایەنی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی تاران بە هێزی زەمینی و ئاسمانی و تەنانەت دەریاییش بۆ سەر کوردستان تێپەڕیوە. ئەم فەرمانە نەک هەر هێرشی دەسەڵاتێکی داگیرکەر بۆ سەر نەتەوەیەک و فەرمانێک بۆ دیسان داگیرکردنەوەی کوردستان بەڵکوو هاوکات هێرشی بیرێکی ڕەش و دواکەوتوو بۆ سەر سەنگەری پێشکەوتووی و ئازادی بوو.

فەرمانێک کە دەستی شۆڤینیزمی فارس و ئەو کەسانەی نەتەوەی دەسکردی ئێرانیان تیۆریزەکردبوو لە هاندانی حکوومەت و بە ڕەوا نواندنی ئەو هێرشەدا تێدا بە ڕوونی دیار بوو، هێرشێکی دڕندانە کە بە بیانووی پڕوپووچ و پڕۆپاگاندەی درۆینەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکوومەت ڕێگەیان بۆ خۆش کرد. بڕیارێک کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ناوشیار و بێئاگا لە دەرەوەی کوردستان و هەروەها ژمارەیەک هاوبیرانی تاریکبیری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و وڵاتفرۆشان لە دەوری کۆبوونەوە و هێرشێکی دڕندانەی دوور لە هەموو یاسا و ڕێسایەکی شەڕ، بۆ سەر کوردستانیان دەستپێکرد.

لە کاتێکدا لە زۆربەی شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تازە پێگرتووی ئیسلامی بە ڕابەریی خومەینی، ئازادییەکان زەوت کرابوون و خەڵک یان سەرکوتکرابوون یان دوای دەسەڵاتدارانی نوێ کەوتبوون و ملیان بە یاسای سەدە ناوەڕاستیی ئەوان دابوو، لە شارەکانی کوردستان حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر بە مەیلی جیاوازەوە دەژیان و خەڵک بە ئازادی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی حیزبەکانی دەخوێندەوە و شورای خەڵکی لە چەند شوێن دەسەڵاتی شار و لادێکانی بەدەستەوە بوو. لە ماوەی کورتی دوای ڕووخانی دیکتاتۆریی پاشایەتی شاری سنە یەکێک لە نموونە سەرکەوتووە کەموێنەکانی دەسەڵاتی خەڵکیی تاقیکردەوە. خەباتکارانی ڕێگەی یەکسانیی ئینسان و ئەوانەی بڕوایان بە مافی یەکسانی ڕەگەزەکان بوو بوێرانە هاواری خۆیان بە گوێی خەڵک دەگەیاند و ژنان چالاکانە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەوریان هەبوو و لە ڕیزی پێشەوەی هەموو بوارەکانی کاری سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگادا دەبیندران.

کۆماری ئیسلامی کە هەر لەسەرەتای دەسەڵاتییەوە هەستی بەوە کردبوو شۆڕشی کوردستان لەمپەڕێکی گەورەیە بۆ دامەزران و دەسەڵاتی، بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ئاستی جیاوازدا هێرشی کردە سەر چالاکانی سیاسی و دانیشتوانی کوردستان بەڵام پاش ئەوە نوێنەرەکانی دەسەڵاتداران بۆ کوردستان کە خۆیان لە ئاستی یەکەمی دەسەڵاتدا بوون چاویان بە دەستەی نوێنەرایەتیی کورد کەوت و هەڵوێستی ڕوونی کۆمەڵە و دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و دەنگی دلێری کاک سدێقی کەمانگەریان لە بەرگری لە کوردستان و بزووتنەوەکەی بیست زانیان کە بەرانبەر بەم بزووتنەوە تەنیا ئامرازێک کە بەدەستیانەوە ماوە چەک و هێرشی هەمەلایەنەیە.

خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییە چالاکەکانی ئەو دەورەیە کە دەیانزانی بە هاتنی سوپای داگیرکەری ئیسلامی کوردستانیش وەکوو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تاریکی باڵی بەسەردا دەکێشێ و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیان زەوت دەکرێن و ئەو دەسکەوتانەی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بەدەستیان هێناون لێیاندەسێندرێتەوە، سەنگەری خەبات و خۆڕاگرییان هەڵبژارد.

پاش ئەو فەرمانە داگیرکارانەی ڕێبەری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کۆمەڵە لە بانگەوازێکدا لە ژێر ناوی "خلق کرد در بوتە آزمایش" بڕیاری خۆڕاگریی دەر کرد و وەکوو ڕێکخەر و پێشڕەوی ئەو خۆڕاگرییە داوای لە خەڵک کرد یەکگرتووانە و بە هەموو شێوازێک کە بۆیان دەکرێ بەر بە هێرشی حکوومەت بەرگری لە کوردستان بکەن.

بەرگریی جەماوەری خەڵک لە ئازادی و ماف و دەسکەوتەکانیان لە کاتێکدا کە ئیمکاناتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەبوو و تەنها بە ئیرادە و بڕوابەخۆیان چوونە ئەو شەڕەوە و بەرانبەر بە دواکەوتوویی و داگیرکاری تەسلیم نەبوون، لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ گەلێک وێنەی فیداکاری و خۆبەخشی بۆ پاراستنی ماف و ئازادی و دەسکەوتەکان لە کوردستان تۆمار کراون.

لەو سەردەمەدا تێکۆشەرانی چەپ و پێشکەوتنخواز لە نەتەوەکانی دیکە پشتیوانییان لە بزووتنەوەی کوردستان کرد و دەیان کەسیان لە ڕیزی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان گیانیان بەخت کرد بەداخەوە ئەمڕۆ تەنانەت هێزە بەناو چەپەکانیش ناوێرن پشتیوانیی تەواوی بزووتنەوەی کوردستان بکەن و کەوتوونەتە ژێر ڕەکێفی شۆڤینیزمی ئێرانی و پاراستنی یەکپارچەیی سەرزەمینی و جێگەی ئەو پشتیوانی و هاوکارییە بەتاڵە و ئەمە کەلێنێکە کە بە قازانجی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کوردستانی پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی بە هەموو پێوەر و پەیمانەیەک جیاواز و تایبەت بوو، کوردستان کۆمەڵە و کاک فوادی موستەفاسوڵتانیی هەبوو کە ئەندازیاری چالاکیی مەدەنی و شێوازێکی نوێی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی جەماوەری و کاری حیزبی بوو.

کۆچی مێژوویی مەریوان کە لەسەر دەستی کۆمەڵە و بە پێشەنگایەتیی کاک فواد ڕێکخرا و نموونەیەکی بەرزی کاری مەدەنی بوو بۆ هەمیشە وەکوو خاڵیکی پرشنگداری جێگەی لێفێربوون لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تۆمار کراوە. هاوکات لە کوردستان بوونی مامۆستا شێخ عیززەدینی حوسێنی وەکوو مامۆستایەکی ئایینی چاکسازیخواز و لایەنگری تۆلێرانس و بەرگرتن بە قوتبی بوونەوەی کۆمەڵگای کوردستان لە سەر ئایین و کەلێن کەوتنە ناو خەباتی کوردستان بوو دەورێکی بەرچاوی لە یەکگرتوویی و هاوخەباتی لە کوردستان بوو.

مامۆستا بەڵام بە قووڵی داکۆکیی لە مافی نەتەوەی کورد بۆ سەروەریی سیاسی لە خاکی خۆیدا دەکرد و لە باری ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە پیشڕەو بوو و پیشکەوتووانە بیری دەکردەوە و بە ئاشکرا دژی سیاسەتی گشتخواز و سەپێندراوی حکوومەتی ئیسلامیی تاران بوو. خۆڕاگریی کوردستان بەرانبەر بە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژ و ئەو هەوڵە سەرکوتکارانە و داگیرکارانەیە لە سەر بنجی بایکۆتی ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی و خۆڕاگریی نەورۆزی خوێناویی شاری سنە و خۆڕاگری لە سەنگەرەکانی دیکەی کوردستاندا ڕووابوو.

تاوانەکانی حکوومەتی تازە لەوانە، کۆمەڵکوژییەکانی قارنێ و قەڵاتان و ئیعدامی ١١ کەس لە زێندانی دێزڵابادی کرماشان، ئیعدامەکانی پاوە و پادگانی مەریوان و فروودگای سنە و پادگانی سەقز و چەندین نموونەی دیکەی تاوان و جنایەت بەرانبەر بە خەڵکی مافخوازی کوردستان خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردەوە کە بۆ پاراستنی خۆیان و ماف و ئازادییەکانیان دەبێ بەرانبەر بەم هێرش خۆڕاگری بکەن.

›› لاپەڕە ٣

# زامەکانی سەردەم

دوارۆژ

کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە هەڵکشاندان. لە ئاکامی قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی کۆمەڵگای ئێران کە راستەوخۆ چینی هەژار و دەستەنگ دەکاتە ئامانج بە هەزاران منداڵ لە بارودۆخێکی گەلێک نامرۆڤانە و پڕمەترسیدا ژیان بەسەر دەبەن. منداڵانی کار ئەو توێژە هەژارەی ناو کۆمەڵگان کە بەداخەوە بەشێوەی بەردەوام، شان بە شانی گەورەکان خەریکی کاری تاقەت پروکێنن. منداڵان لە کۆمەڵگای ئێراندا لە بارودۆخێکی کۆیلە ئاسادا لە ناوەندەکانی بەرهەم هێنان، مەزرا، سەرشەقامەکان، چوارێی شارە چکۆلە و گەورەکان و باقی ناوەندەکانی کاردا، تەنانەت لە بۆنگاکان و ناوەندەکانی ناچار کردنی مرۆڤەکان بە لەشفرۆشی، فرۆشتنی ئەندامانی جەستە و کاری قاچاغ و نەشیاو زۆر بێبەزەیانە لە پاڵ چەوساندنەوەیان و پێشێڵ کردنی سەرەتاییترین مافەکانیان، کاردەکەن. شک لەوە دانیە کە بەداخەوە کاری منداڵ ڕیشەی لە هەژاری و دەست کورتی کەسوکاریان و بەرین تر بوونەوەی کەلێنە چینایەتیەکان دایە، بەڵام دەسەڵاتیش راستەوخۆ بەر پرسە لە چارەنوسی منداڵان. کۆماری ئیسلامیی یەکێک لە درێوترینی ئەو دەسەڵاتانەیە کە لە هەڵسووکەوت لەگەڵ منداڵ و مافەکانیان بەردەوام لە لایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە کەوتۆتە بەر ڕەخنە و تیروتوانجەوە. بەپێی ماددەی٧٩ی یاسای کار لە ئێران، کاری منداڵان قەدەغەیە کەچی بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی، لەسەدا پانزدەی منداڵان لە ئێران بەهۆی دۆخی نالەباری بنەماڵە و ژیانەوە کار دەکەن. هەڵبەت ئەم ژمارەیە بەتایبەت لە کوردستان بەهۆی دۆخی داسەپاوی ئابووریی بەسەر خەڵکدا، زۆر لەمانە زیاترە. لە شارە گەورەکانی ئیران مافیای زەبەلاحی منداڵانی کار بۆتە هەشتپێیەکی نالەبار کە لەژێر چرای سەوزی دەسەڵاتدا، داهاتووی منالان و کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات. زۆرتری ئەم منداڵە بێ تاوانانە کە بەرهەمی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەڵاق، نەداریی، نابەرپرسیارەتیی بنەماڵەکان و ڕێکخراوە حکوومییەکانن لە شوێنی نالەبار دەدرێنە بەر کاری ڕەش و پیس و بێ نرخ. ئەمرۆ زیاتر لە شەش ملیۆن منداڵی کار لە ئێران دەژین کەچی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی وەک هەمیشە ڕاستییەکان لە چاوی خەڵک دەشارنەوە و دەڵێن ١٢ هەزار منداڵی کار لە ئێران هەن کە لەو دوازدە هەزار منداڵی کار و سەرشەقامەی ناو ئێران ٤ هەزار کەسیان لە تاران و ناسنامەی ئێرانیان هەیە و ئەوانی تر و لەو ڕێژەیەش ٧٠ بۆ٠ ٧٥ لەسەدی منداڵی شارۆمەندانی ئێرانی نین و سەر بە وڵاتانی ترن کە بۆ کار روویان لە وڵاتی ئێران کردوە. دیارە ئەم ڕێژەیە شارو ناوچەکانی تری ئێران ناگرێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە ژمارەی منداڵانی کار زۆر لەو ڕێژەیە زۆرترە. بە گشتی ژمارەی منداڵانی کار لە ئێران لە ٧ ملیۆن تێپەڕ دەبێ کە تەمەنیان لەژێر١٥ ساڵەوەیە. ئەم ئامارە زۆربەی رۆژنامەکانی نێوخۆش بڵاوی دەکەنەوە. شەپۆلی منداڵانی کار لە ئێران لە شارە گەورەکانی ئێرانەوە بە روونی دەبیندرێت. چوونی منداڵان بۆ بازاڕی کار لە ئێران بەشێک لە سیاسەتی دەستەبەرکردنی قازانجی دەوڵەت و خاوەن کەرتی تایبەتە لە ڕێگای وەدەستخستنی هێزی کاری هەرزانەوە. لە زۆرێک لە کارگا و ناوەندەکانی سەربە سپای پاسداران و دەزگا ئەمنیەتیەکان و سەربە کومیتەکانی بەناو ئیمدادی خومەینی، بەسیجی موستەزعەفان و لە کاری ماڵەوە، منداڵان بەکار دەهێندرێن و بێبەزەیانە شیرەی گیانیان دەکێشرێ. لەم نێوانەدا گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و بە تایبەتی کوردستان، سیستان و بەلوچستان و خوزستان لە بواری بەکارهێنانی کاری منداڵانی ژێر ١٥ ساڵ، گەلێک زیاترە. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە هەژاری ڕیشەی سەرەکی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی منداڵانی کارە. زیاتر بوونی هەژاری لەنێو بنەماڵە کرێکارییەکان و کۆچبەرانی دانیشتوی ئێراندا بەمیلیۆن منداڵی سەربەو خەڵکەی، رۆژانە ڕەوانەی بازاڕی کار و شەقام کردووە و ئەوان لە دنیای منداڵانەیان بێبەش و بەر بە گەشە کردنی سروشتی، کۆمەڵایەتی، ڕەوانی و جەستەییان دەگرێت. لە کوردستان شێوازێکی دیکە لە منداڵانی کار دەبیندرێ کە بەداخەوە ئەم شێوازو دیاردەیە گەلێک پڕمەترسیدارترە. ئەویش منداڵانێکن کە بەناچاری روو لە پیشەی بەناو کۆڵبەری دەکەن. ئەوان بە چەن قات زیاتر لەژێر گوشاری مافیای داهاتی سنووردان و بێبەزییانە دەچەوسێندرێنەوەو تەنانەت دەسبەسەر دەکرێن و دەشکوژرێن. تا ئێستا گەلێک ڕووداوی دڵتەزێنمان لە سنوورەکان بینیوە کە منداڵانی کۆڵبەر یان بە تەقەی راستەوخۆیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی کوژراون یان خۆ لەبەر سەرما ڕەق بونەتەوە یان لە بەرزایەکانەوە بەر بوونەتەوە. بێگومان کارکردن بژاردەی منداڵانی کار نییە. ئەم منداڵانە، کە زۆربەیان بەهۆی هەژارییەوە، لە خوێندن و یاریکردن بێبەش دەبن، بە ناچاری دێنە ناو بازاڕی بێ بەزەیی کارەوەو بەمجۆرە چارەنووسێکی تاڵ رووبەڕوویان دەبێتەوە.



پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی مافی منداڵانی کار، ڕێگەیەکی دیکە بگیرێتەبەر. ئەم ڕێگایەش هیچی تر نییە جگە لە یەکگرتوویی و خەبات. کۆتایی هێنان بە کاری منداڵان لە گرەوی روخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیی دایە وەک هەنگاوی یەکەمی خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شیاوی ئینسانی. دامەزراندنی ئاوا کۆمەڵگایەک لە گرەوی بەرەوپێش چوونی خەبات و یەکگرتوویی هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی مافەکانی منداڵان دایە.

# قەیرانی ئاو؛ ئاسایشی نەتەوەیی لە ئێران دەخاتە مەترسییەوە

ئا: س. ئالان

ئێران لەگەڵ قەیرانی بێوێنەی ئاو رووبەروو بووەتەوە، کە بە جددیترین قەیران لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا وەسف دەکرێت، بەجۆرێک پیشبینی دەکرێت قەیرانی ئاو هەڕەشەی تێکدانی سەقامگیریی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتی لێبکەوێتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتە فەرمییەکان وەزارەتی وزەی ئێران ئاشکرای کردووە: زیاتر لە ٣٠٠ شاری ئێران بەدەست فشاری توندی کەم ئاوییەوە دەناڵێنن، هاوکات ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداری داوە کە دەریاچەی ورمێ لە لێواری وشکبوونی تەواوەتیدایە و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی روودانی زریانی خوێی کە ژیانی زیاتر لە ١٤ ملیۆن کەس دەخاتە مەترسییەوە.

راستییە سەرەکییەکان

دۆخی گشتی لە چەند بەرەیەکدا وێنەیەکی نیگەرانکەر دەخاتە روو، ئاژانسی هەواڵی تەسنیم لە زاری وەزارەتی وزەی ئێرانەوە بڵاویکردەوە، ٥٧٪ی بەنداوەکانی ئێران بەتەواوەتی بێ ئاو بوون و لەسەدا ٤٣ ی ئاو لە پشت بەنداوەکان ماوەتەوە.

هەر لەو بارەیەوە ئاژانسی فەرمی ئێران دۆخی دەریاچەی ورمێی بە "کارەساتێکی ژینگەیی مێژوویی" وەسف دەکات، بەو پێیەی دەریاچەکە نزیکەی هەموو رووپۆشی ئاوەکەی لەدەستداوە، ئەمەش مەترسی لەسەر فرەچەشنی بایۆلۆجی ناوچەکە دروستکردووە.

بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما قەیرانەکە گەورەتر دەکات. لە پارێزگای خوزستان کە یەکێکە لەو ناوچانەی زۆرترین کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەرە، ئاژانسی هەواڵی مێهر بڵاویکردەوە، پلەی گەرما ٥١ پلەی سەدییە و ئەوەش لە زۆرترین ئاستی توانای تاقەتهێنانی مرۆڤ کە ٥٠ پلەیە بەرزترە.

سەرەرای ئەم داتایانە، کەشوهەوا دۆخی ئابووری ئێرانیش تووشی قەیرانی جددی دەکات، ناوەندە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان لەوبارەیەوە هۆشداری جددی دەدەن، دیارترینیان راپۆرتێکی بانکی جیهانییە، کە پێشبینی کردووە زیانە ئابوورییەکانی پەیوەست بە قەیرانی ئاو تا ساڵی ٢٠٣٠ بگاتە ٦٪ی بەرهەمی ناوخۆیی ئێران.

کەم ئاوی و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان

کەم ئاوی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی لە زۆربەی شارەکانی ئێران، بە گوێرەی ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان خۆپیشاندان لە شارەکانی مەشهەد، ئیسفەهان و خوزستان سەریهەڵداوە.

لە رووی ئابوورییەوە، داتا فەرمییەکان دەریدەخەن کە ئێران لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا چارەکێک لە زەوییە کشتوکاڵییە بەرهەمدارەکانی لەدەست داوە، لە کاتێکدا نرخی خۆراک زیاتر لە ٥٠٪ بەرزبۆتەوە، ئەمەش بارگرانی ژیانی بۆ سەر زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران دروستکردووە.



وەزارەتی تەندروستی ئێران هۆشداری دەدات

لە بواری تەندروستیشدا وەزارەتی تەندروستی ئێران هۆشداری دەدات سەبارەت بە زیادبوونی پشتبەستنی دانیشتوان بە ئاوی ناتەندروست، کە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی وەک کۆلێرای زۆر کردووە، لەلایەکی دیکەوە راپۆرتەکان دەریدەخەن کە کوالیتی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوەی بە هۆی بەرزبوونەوەی بەکارهینانی ئاوی ژێر زەوی و پیشەسازییەوە تێکچووە.

سیناریۆکانی داهاتوو

دەزگا فەرمی و نێودەوڵەتییەکان خراپترین دۆخ پێشبینی دەکەن، بە جۆرێک کە لە کورتخایەندا، لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا، پێشبینی دەکرێت پچڕانی رۆژانەی ئاو و کارەبا بەردەوام بێت، لەگەڵ بەرزبوونەوەی زیاتری نرخی خۆراک و ئاو کە لە نێوان ٢٠٪ بۆ ٣٠٪دایە.

لە ماوەی مامناوەنددا کە چوار بۆ ١٠ ساڵ دەخایەنێت، ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئێران پێشبینی زیانی چارەکێک لە زەوییە کشتوکاڵییە بەرهەمدارەکان دەکات و زیانە ئابوورییەکان دەگاتە ١٠٪ی بەرهەمی ناوخۆیی.

سیناریۆی درێژخایەنتر سێ دەیەی داهاتوو دەگرێتەوە، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی کەشناسی جیهانییە، کە هۆشداری دەدات لە گۆڕانی وردە وردەی ئێران بۆ وڵاتێکی نیمچە بیابانی، ئەویش ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ئاوارەبوونی بەربڵاوی دانیشتوان و دارمانی کەرتە ستراتیژییەکان وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی گەورە.

لە نێو ئەم وێنە تاریکەدا، هەوڵێک لەناو حکومەتی ئێراندا دەستی پێکردووە و پێشنیازی جیاواز دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی کەم ئاوی، لە دیارترین پێشنیارەکان چاکسازیە لە سیاسەتە کشتوکاڵییەکان لەرێگەی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە بەرهەمەکانی وەک گەنم و برنج، ئەمەش بەپێی ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵ (FAO). هەروەها وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ریسایکلیندا وەک جێگرەوەیەک بۆ کەمبوونەوەی سەرچاوە نەریتییەکانی ئاو پێشنیار دەکرێت. هەوڵەکان تەنها لە هەوڵە ناوخۆییەکان سنووردار نین، بەڵکو ئێران داوای هاوکاری زیاتری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە نێوانیاندا بانکی نێودەوڵەتی، FAO و ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیش لەخۆدەگرێت.

قەیرانی ئاو لە ئێران، وەک لە ڕاپۆرت و هەڵوێستە فەرمییەکان ڕەنگدانەوەی هەیە، ئیتر بە پرسێکی تەنها ژینگەیی نازانرێت بەڵکو بووەتە تەحەدای ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی. بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی، بەردەوامبوونی سیاسەتەکانی ئێستا دەبێتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی و ئابووری فراوانتر. سەرەڕای ئەوەش هیوایەک هەیە کە چاکسازی جددی پەنجەرەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لە دارمانی تەواو و دەستەبەرکردنی گەشەسەندنێکی بەردەوام دابین بکات.



# ›› پاشماوەی مانشێت ...

لەو رۆژەوەی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی پاش ١٢ی خاکەلیوەی ١٣٥٨ بە ئاشکرا بینییان کە لە کوردستان جێگەیان نییە و خەڵک دەسەلاتی داگیرکەری ئیسلامیی ئەوانی ناوێ و جیاوازیی خۆیانیان بە ئاشکرا لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەلاتی حکوومەت نیشان دا، ئەو هێرشە چاوەڕوانکراو بوو و حکوومەت دەیزانی تەنها بە زەبری چەک دەتوانێ لە کوردستان حکوومەت بکا.

٣٣ ساڵ پاش کۆماری کوردستان نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی وڵات دەرفەتێکی دیکەی دەسکەوتبوو کە بە مافەکانی بگا و ئاواتەکانی بۆ ڕزگاری و ئازادی بێنە دی، ئەمە ئێرادەیەکی بەهێزی خۆڕاگریی لە کوردستان خولقاند و ڕژیمێک کە پیگەیەکی لە کوردستان نەبوو بە ئیعدام و کوشتاری بە کۆمەڵ و هێرش نیزامی دەیویست خەڵک لە خواستەکانیان پاشەکشە پێبکات بەڵام ورەی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە و شەپۆلی بیری نوێ و پێشکەوتنخوازانەی کوردستان ئەو دەسەڵاتەی بە ڕەسمی نەناسی و چۆکی دانەدا.

هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و دەسکەوتەکانی، هێشتا بە هەموو شێواز و فۆرمەکانی بەردەوامە. کوردستان هەم بە هێزی نیزامی داگیرکراوە هەم لە هەموو بوارێکەوە توندترین گوشاری خراوەتە سەر و ناڕەواترین هەڵاواردن بەرانبەر بە خەڵک و ئابووری و ژینگەکەی لەم ٤٦ ساڵەدا بەردەوام بووە. لەبەرانبەردا کوردستان سەرەڕای ئاستەنگی و گوشارەکان خەباتەکەی پەرەی سەندووە و بەرینایییەکەی زیاتری کوردستانی گرتووەتەوە. ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان کە حکوومەت هەوڵی دابڕاندنیان لە شۆڕشی کوردستانی دابوو و حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش نەیانتوانی بەو جۆرەی شیاوە ئەو بەشی کوردستان بەشداری شۆڕش بکەن. ساڵانێکە سەنگەری ئاوەدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستانن. بیری پێشکەوتنخواز لە کوردستان گەشەی کردووە، ژنان و کەمینە مافخوراوەکان چالاکتر و بوێرتر لە مەیدانن و داوای مافی خۆیان ئەکەن و لە خەبات بەردەوامن، خەڵکی وەزالەهاتوو لە هەژاری و کەمداهاتی مافەکانی خۆیان زیاتر دەناسن و ئامادەترن بۆ خەباتی مافخوازانەیان، کوردستانییەکان بۆ پاراستنی ژینگەیان گیانفیدایی دەکەن و هەموو چین و توێژێکی مافخوراوی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەنگی خۆیان بەرانبەر بە داگیرکاری و بێمافی و نەبوونی ئازادی بەرز کردووەتەوە. کوردستان لە ئاکامی ٤ دەیە خەبات و خۆڕاگری و پێشکەوتن بوو بە کانگای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە لە ناوچەکە بێوێنە بوو و هەموو بنەما فیکری و سیاسی و کولتوورییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردە ئامانج و زەبری گەورەی لێدا. شۆڕشی ژینا دیسان وەکوو سەردەمی هێرشی داگیرکارانی کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ی گەلاوێژدا خەباتکاری، شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری کردە کولتووری زاڵی کۆمەڵگا، دەور و جێگە و پێگەی ژنانی گۆڕی و تەنانەت ئاڵۆگۆڕی جیددی لە ڕوانینی زاڵ بەرانبەر بە ژناندا پێکهێنا.

شۆڕشی ژینا کە بەرهەمی خەباتی دووروودرێژی کوردستان بەرانبەر بە ستەم بوو پەیامی یەکگرتن و پشتبەستن بە خەڵکی کوردستانی پێ بوو. خەڵکی خەباتکار بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کوردستان هی هەموو کوردستانیانە و لە کوردستانێکی ڕەنگاوڕەنگدا جێگەی هەموو بیر و مەیلێکی مرۆڤانی دەبێتەوە و تاکەکانی ئەم نیشتمانە دەیانەوێ و دەتوانن بە سەربەستی و ئازادی پێکەوە تێدا بژین.

ئەم شۆڕشە دەریخست، کوردستان بەرانبەر بە سات و سەودا بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بێدەنگ نابێ. شۆڕشی ژن ژیان ئازادی پێویستیی ئازادییە تاکەکەسییان، مودێڕنیزم و پێشکەوتنخوازی و گوفتمانی چەپی کوردستانی لە کوردستان دەرخست و سەربەستی، ڕزگاری، دادپەروەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی، یەکسانیی ڕەگەزی و زۆر دروشمی دیکەی چەپی کوردستانی بە ڕوونی و بە دەنگی بەرز لە شەقامی کوردستان هاوار کران. ئەمانە و دەیان وانەی دیکە بەرهەمەکانی زیاتر لە چواردەیە خۆڕاگریی کوردستان بەرانبەر بە داگیرکاری و دواکەوتوویی و چەوسانەوەن کە لە ٢٨ی گەلاوێژ و پیشترەوە دەستی پێکرد و لە شۆڕشی ژینادا خۆیان فورمووڵە کرد و بوونە دەنگی زاڵی کوردستان.

شۆڕشی کوردستان لە پاش هێرشی ٢٨ی گەلاوێژەوە تا ئەمرۆ گەلێک شانازی و لاپەڕەی زێڕینی لە کاری مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیداکاریی خەڵک و هێزی پێشمەرگە تۆمار کردووە، بەڵام بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەکە پێویستە خاڵە لاوازەکانمان ببینین و لێکی بدەینەوە و چارەسەرێک بۆ قەرەبوو و دەربازبوون لێیان بدۆزنەوە. گرینگترینی ئەو خاڵانە بریتین لە:

- بزووتنەوەکە نەیتوانی هەموو هێزی خۆی یەک بخات و هەم لە باری جۆگرافیاوە و هەم لە باری پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەموو کوردستان و کوردستانییەکانی نەگرتەوە.
- حیزبەکان و لایەنە سیاسییەکان نایەکگرتوو و ناتەبا بوون و بینیمان سەرەڕای بوونی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد حیزبەکان هەرکامێکیان بە شێوازێک هەوڵیان دەدا ئەجێندای خۆیان ببەنە پێشەوە و تەنانەت وتووێژی یەکلایەنە لەگەڵ حکوومەت لەو ماوەیەدا ڕوویدا کە بە قازانجی بزووتنەوەکە نەبوو.
- هەر ئەو نایەکگرتوویی و ناتەباییە و هاوکات بیرنەکردنەوە لە گرینگیی دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی وای کرد دەنگی ئەو خەباتە ڕەوایە و ئەو شۆڕش مەزنە بە کەمی بگاتە جیهان و بتوانێ پشتیوان بۆ خۆی ڕاکیشێ.
- حیزبەکان لە باتی هاوکاریی ناوخۆی بە دوای هاوپەیمانی "سەراسەری"دا دەگەڕان و کۆمەڵە حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی پێکهێنا و حزبی دموکرات چووە ناو "شورای ملی مقاومت"ەوە کە هیچکام لەو هەوڵانە لە بەرژەوەندیی شۆڕشی کوردستان نەبوو.
- شەڕی ناوخۆیی کە کەلێنێکی گەورەی خستە ناو شۆڕشی کوردستانەوە و خەسار و لە دەست چوونی ژمارەیەک زۆر ڕۆڵەی تێکۆشەری وڵاتی لێ کەوتەوە و ژمارەیەکی زۆری لە خەباتی سیاسی دوورخستەوە و برینێکی قووڵی خستە جەستەی شۆڕشی کوردستان کە ئاسەوارەکەی تا ئەمرۆش دیارە.

بە بینینی ئەو خاڵە بەهێز و لاوازانەی خەباتی نزیک بە پێنج دەیە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و پاش نزیکەی ٥ دەیە سەرکوت و داگیرکاری لە لایەن حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و خۆڕاگری و خەبات لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، ئیستە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان وەکوو پێشڕەو، بەشدار و ئەکتەری سەرەکیی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە پەیامی ڕوونی ئەمەیە:

١. دەسەڵات بەسەر خاکی کوردستاندا مافی خەڵکی کوردستانە و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد خۆی بە سەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بکات، نایاسایی و ناڕەوایە. داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی سەروەری، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، و بەختەوەریی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە.

٢. کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و ئەم خاڵە دەبێ بکرێتە بنەمای بەهێزکردن و جوانیی ئەم خەباتە نەک پەرتەوازەیی و لێک دوورکەوتنەوە. خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەی کوردستان پێویستی بە هەموو هێز و وزەی خۆی هەیە و یەکگرتنی هەموو مافخوراوانی کوردستان بە ویست و مەیلی جیاوازەوە پێویستیی سەرەکیی خەباتەکەیە و هیوای سەرکەوتن گەش دەکا. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەموو کاتێک خوازیاری ئەو هاوپشتی و هاوکارییە بووە و لە دوا نموونەشدا دەسپێشخەر و ئامادە بووە بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکان لە ئەمڕۆ و داهاتووی خەباتدا.

٣. ژنان ناوەرۆک و هێزێکی پێشکەوتنخوازی تایبەتییان لەم خەباتەدا هەیە و بەشێکی مەزنی هێزی خەباتکاری کوردستان پێکدێنن. پێویستە دەور و نەخشی ژنان لە ڕێبەرایەتیی ئەم خەباتەدا بارتەقای تێکۆشان و بەشداریی بەرینیان بێ. شۆڕشی کوردستان بە یەکسانیخوازییەوە ناسراوە و ئەم یەکسانیخوازییە لە ناوەرۆک و شێوازدا بزووتنەوەکەی چەندین هەنگاو بردووەتە پێشەوە. بەشداریی چالاکی ژنان و ئامادەبوونیان لە شوێنەکانی بڕیار و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا هەم مافی خۆیانە و هەم شانسی سەرکەوتنی زیاتر دەکا.

٤. خەباتی مێژوویی کوردستان و بزووتنەوە ئەمڕۆیی و پێشکەوتنخوازانەکەی سیمایەکی مرۆڤانە و مودێڕنی لە پێش چاوی نەتەوەکانی دیکەی ناو جوگرافیای ئێران و هەروەها لە ئاستی جیهانیدا دەرخستووە. ئەم ناوبانگە دەتوانی ببێتە هەوێنی ڕاکێشانی پشتیوانی و یارمەتیی بیروڕای گشتیی جیهانی و ئۆرگان و لایەنە دموکراتیک و پێشکەوتنخوازەکانی جیهان بەڵام مەرجی ئەوەی ئەم پۆتانسیلە سوودی لێوەرگیرێ کاری هاوبەش و دیپلۆماسیی یەکگرتووی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدایە.

٥. بۆ ئەوەی هێزی بزووتنەوەی کوردستان یەکانگیر بێ و هەموو پۆتانسیێل و تواناکەی دژ بە داگیرکەر و ستەمکارانی دەسەڵاتدا بەکاربێت پێویستە ئۆرگان و مەرجەع و ناوەندێک ببێت کە نوێنەرایەتیی کورد و حزبە کوردستانییەکان بکات و هەم ڕێکخەر و سازماندەری خەباتی ناوخۆ بێ و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە بارتەقای مەزنیی شۆڕشی کوردستان و فیداکاریی ڕۆڵەکانی، دەنگی کوردستان بە گوێی دنیا بگەیەنێت.

٦. بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان نوێنەرایەتیی مەیل و مافی جیاواز دەکەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و ڕێخۆشکردن بۆ مەیل و خواستەکان هەوڵ دەدەن، بوون و گەشەی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر داهاتووی کوردستان کاریگەریی ئەرێنی دەبێت و یارمەتیدەری دامەزرانی سیستمێکی پێشکەوتووی هەمەلایەن و هەمەڕەنگە و ڕێخۆشکەری کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و ئەمڕۆییە. ئەم بزووتنەوانە دەبێ هاوکاری بکرێن بەهێز بکرێن و هەوڵ بدرێ لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا یارمەتی و پشتیوانییان بۆ کۆبکرێتەوە و بەو شێوەیە سیمای ڕاستەقینەی کوردستانێکی هەمەڕەنگ و مودێڕن و پێشکەوتوو نیشان بدرێ. هاوکات ئەم بزووتنەوانە نابێت بکرێنە تریبۆنی پڕوپاگەندەی حیزبی و سەربەخۆییان لێ بستێندرێتەوە.

## دریژەی سەروتار

لە بەرانبەردا تورکیە لەم ڕێکەوتنە زۆر ڕازیە و لە بەرژەوەندی خۆیدا دەیبینێت و ئەوەش وایکردوە کە ڕژیمی ئیسلامی تەریک و تەریک تر دەبێتەوە.

لە لایێکی دیکەوە وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمی ئێران وتی ئەم ڕێکەوتنە شتێکی باشە و ناوچەکە تووشی ئاشتی دەکات بەڵام دەستێوەردانی هەر جۆرە وڵاتێکی دەرەکی کاریگەری نەرێنی لەسەر ناوچەکە دەبێت و بە تایبەتی لە سنوورە هاوبەشەکان و ڕژیم ترسی لە ئەمریکایە کە ببێتە هاوسنووری، ڕژیمی ئیسلامی ئێران باش دەزانێت کە ئیسرائیل لە ڕێگەی سوریەوە بووەتە هاوسنووری و لەملاشەوە ئەمریکا لە ڕیگەی ئەرمەنستان و ئەم ڕێکەوتنەوە تا ٩٩ ساڵی دیکە کراوە بە هاوسێ و ئەوەش مەترسی جدیی هەیە بۆ سەر ڕژیمی ئیسلامی ئێران و چیدی ئێران ناتوانێت لە ناوچەکە هاتوچۆ و هەڵسوکەوت بکات هەر بۆیە گڕی گرتووە و دەستی داوەتە کۆمەڵێک هەڕەشە لەم پرۆژە و ئەوەش وا دەکات ڕژیمی ئیسلامی ئێران زیاتر و زیاتر پەراوێز بخرێت. چون کاتی زمانی هەڕەشە بەسەر چووە و ئەوە تەنها ڕژیم بۆ لەناو چوون نزیک دەکاتەوە و کردویەتی و هەروەها بەشداری ئەمریکا لەم ڕێکەوتنە شەکستێکی دیکەیە بۆ ڕژیم.

"باقری کەنی" ئەندامی "شورای راهبردی رواب× خارجی ایران" دەڵێت؛ ڕژیمی ئیسلامی ئێران بە سانایی لە بەرانبەر ئەم پێشهاتەدا ناگوزەرێت و هەروەها ڕۆژنامەی کەیهان، سەر بە خامنەیی لە ڕۆژنامەی بەیانیی خۆیدا نووسیوەتی کە ئەم ڕێکەوتنە لەلایەن ئەمریکاوە خەیانەتێکی گەورەیە کە لە ئێران کراوە و نابێ ئێران بە ئاسانی واز لەم بابەتە بێنێت و دەبێت وڵامێکی گونجاوی بۆ ئەم پرسە هەبێت و وەک یەکەم هەنگاو دەبێ بە پێی بەڵگەنامەکانی "ژنێو و جامائیکا" هاتوچۆی کەشتیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە "تەنگەی هۆرموز" قەدەغە بکات.

کۆمەڵێک لە پسپۆڕان لەسەر ئەو باوەڕن کە بە دروست کردنی ئەم کریدۆرە، ناتۆ دەگاتە سەر سنوورەکانی ئێران و روسیە و ئەمەش بە واتەی کیش و ماتە بۆ ڕژیمی ئیسلامی ئێران و لە بواری دیپلوماسی پێی دەوترێت "خنکاندنی ژئۆپولتیک". ئەوان لە وتەکانی خۆیاندا دەڵێن کە ڕاسپاردنی ئەم ڕێگەیە بە ئەمریکا کردوەیەکی ئامانجدارە بۆ ڕیگە گرتن لە بەرپرچدانەوەی گەمارۆ و دژایەتیکردنی ئێران.

چونکا لە ئەگەری هەر کاردانەوەیەکی ڕژیم، ئەوە ئەمریکایە لە بەرانبەریدا؛ بابەتێک کە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەخت و دژوارە بۆ ئێران و ڕژیمی ئیسلامی ئێران ناتوانێت بەرپرچی ئەمریکا بداتەوە، چونکا کاردانەوەی سەختی لەگەڵ دەبێت. خامنەئی توورە لە ئاڵوگۆڕەکانی قەفقاز و تێکۆشانی وڵاتی لوبنان و ئێراق بۆ چەک وەرگرتنەوە لە حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی و لە بەرانبەردا ترامپ هیوادارە کە ئەم داڵانە ببێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی زیاتر بە پەیمانی ئیبراهیم پەیوەست بن.

بەشێک لە پسپۆڕان باس لەوە دەکەن کە ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە وڵاتگەلێک وەک لوبنان، ئێراق، سوریە و یەمەن بە میلیونها دۆلاری خەرج کردوە و لەبەرانبەردا ئەمرۆ هەروا کە دییمان هەموو ئەو گروپانە یا بە تەواوەتی شکەستیان خواردوە یا خەریکە چەک دەکرێن و رۆژ بە رۆژ پێگەی ڕژیم لە ناوچەک لاوازتر دەبێت و ڕژیم بەرەو دوا هەناسەکانی خۆی دەچێت و ئەمەش بە روونی دیارە کە ڕژیم تا دێت لە ناوچەکە و جیهانیش بە گشتی تەریک و تەریک تر دەکەوێت.

لە کۆتاییدا دەبێ ئامارە بەوە بکەم کە سیاسەتی هەڵە و خراپی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بووەتە هۆی کاولکردنی ژێرخانی ئابووری ئێران و هەروەها شەڕی دوانزە ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل زیاتر ڕژیمی خستە مەنگەنەوە و ئێستا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران توشی دەیان و سەدان چەرمەسەری و کێشە بونەتەوە و ڕژیم لە ناوخۆ توشی کێشەی جدییە و لە دەرەوە رۆژ لەگەڵ رۆژ پاشەکشەی کردوە و ئەمڕۆکە ئیسرئیل بوەتە هاوسنووری ئێران و ئەمریکاش ئەوە بووە هاوسنووری و چیدی ڕژیم ناتوانێت گەمارۆکان دەور بداتەوە و بە گشتی ڕژیمی ئیسلامی ئێران کیش و مات.

# یادێک لە سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی سووری کوردستان و کۆمەڵە

ڕێبوار

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردوستان بە ڕێبەری کۆمەڵە و بە بەشداری هەزاران کەس لە ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ وەک بزوتنەوەیەکی حەقخوازانە لە ماوەی دەسەڵاتی٤٦ ساڵەی ڕژیمی ئیسلامیی بە سەر کوردستان و ئێراندا، تووشی گەلێک خەساری گەورەی قەرەبوو نەکراو هاتووە کە تا ئێستاش کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەسەر ئەم بزووتنەوەیەوە دیارە.

نیوەی یەکەمی مانگی خەرمانان ڕێکەوتەکانی ٤ و ٩ و ١٣ی ئەو مانگە، ئەو ڕۆژانەن کە تێیاندا ڕەوتی ئێمە توشی خەسارێکی یەکجار گەورە هات. ئێمە لەم ڕۆژانەدا سێ کەسایەتی هەڵکەوتوو، سێ ڕابەری ماندوویی نەناس، سێ ڕۆڵەی بە ئەمەگ و تێکۆشەر، سێ دلسۆزی کۆمەڵانی خەڵک و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانمان لەدەستدا.

کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی، کاک سدیق کەمانگەرو هاوڕێ غوڵام کەشاوەرز، ئەو سێ ئەستێرەی ڕێنیشاندەری خەباتی چەوساوەکان و ستەملیکراوان و ڕەوتی ئێمە بوون کە بەداخەوە هەر زۆر زوو مۆمی تەمەنیان بەدەستی شەمشەمەکوێرەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی، کوژایەوە.

ڕۆژی ٩ ی خەرمانان، بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی لە ئێران و کوردستان یەکێک لە کارامەترین و لێهاتووترین ڕێبەرانی خۆی لە دەستدا، بۆ کوردستان ژان و خەسارەکە سەت هێندە کاریگەر و جەرگبڕتر بوو. کاک فواد، ناوێک کە دواتر بوو بە وێردی سەرزاران و بە سەدان و هەزاران کۆرپە لە خۆشەویستی ئەم مرۆڤە مەزنە ناوی "فواد"یان لێنرا. ماوەیەکی کورت ،بەڵام پڕ بایەخ، کاریگەر، شوێندانەر، داهێنەرو پڕ دەسکەوت لە کارنامەی کاک فوادا بووە.

کاک فوئاد سیمایەکی ناسراو و خۆشەویست و هەروها ئەندامی بنەماڵەیەک بوو کە ٤ برای دیکەشی لە بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی و سیاسەتە دوژمنکارانەکانی لە دژی بزوووتنەوەی کوردستان، لە زیندانەکانی ئەو ڕژیمەدا ئیعدام کرا.

کاک فوئاد، ڕێبەرو ئەندازیاری خەباتی مەدەنی

خەباتی سیاسی کاک فوئاد هەر لە تەمەنی تازە لاویەوە دەست پێ دەکات و لە کاتێکدا تەمەنی تەنیا ٢١ ساڵ بوو، دەبێ بە سەر قافڵەی دامەزرێنەرانی ڕەوتی ئیمە واتا کـــۆمەڵە. ساواکی شا کە بەتوندی گومانی کردبووە سەر ژیان و هەڵسووڕانی کاک فوئاد، لەپاییزی ساڵی ١٣٥٣ی هەتاویدا کاک فوئادی گرت و لە زیندانی کومیتەی هاوبەشی شارەبانی و ساواک ، کەوتە ژێر سەختترین ئەشکەنجەکانی ئەو سەردەمە. بەڵام ئەشکەنجەگەران زەفەریان بە ورەی کاک فوئاد نەبرد و قارەمانانە نهێنییەکانی کۆمەڵەی پاراست. پاش بازجوویی و ئەشکەنجەیەکی زۆر، گواسترایەوە بۆ زیندانی قەسری تاران و زیاتر لەسێ ساڵ لەوێ بەندکرا. لەساڵی کۆتایی زیندانەکەیدا، کاک فوئاد گواسترایەوە بۆ زیندانی شاری سنە و ساڵێکیشی لەو زیندانەدا تێپەر کرد. زیندانی سنە مەیدانێکی خەباتی لێبراوانەی کاک فوئاد بوو. مانگرتن لەخواردنی زیندانیانی سیاسی کە کاک فوئاد بۆ ماوەی ٢٤ ڕۆژ بەشداری تێدا کرد، یەکێک لەدیمەنە پر شکۆکانی خەباتی ئەو دەورەیەی ناو زیندانەکان لەدژی ڕژیمی شا بوو. لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧ دا کاک فوئاد ئازاد کرا و لەپاش پێشوازییەکی گەرم و کەم وێنە لەلایەن خەڵکی شاری سنە، گەڕایەوە بۆ ئاوایی ئاڵمانە. کاک فوئاد دوای ئازاد بوونی، تەنیا ١١ مانگ ژیا و لەو یازدە مانگەشدا هەموو کات و توانای خۆی بۆ ڕێبەری کردن و بەرەوپێش بردنی خەباتی کۆمەڵە لە کوردستان لە بوارە جیاجیاکاندا تەرخان کرد. لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا، یانی لە ٢٣ی مانگی پووشپەڕەوە تا ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بەڕێبەریی کاک فوئاد، ژمارەیەک لە هەستیارترین، بەناوبانگترین و گەشترین ڕووداوەکانی مێژووی کۆمەڵە و خەباتی سیاسی کوردستان هاتنە ئاراوە. کۆچی خەڵکی مەریوان، ڕێپێوانی جەماوەری سنە بەرەو مەریوان، گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەگەڵ دوژمن، ئەو بوارانە بوون کە تواناییەکانی کاک فوئادی بۆ هەموان دەرخست. پربایەخترین کاری کاک فوئاد کە دوایین هەنگاوی سیاسی ئەو بوو، دارشتنی بناغەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بوو. بزووتنەوەیەک کە بوو بە سەنگەرێک بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئیران و کوردستان لەو سەردەمەدا کە تا ئێستاش وەک سەردەمیکی زیرین و پڕ دەسکەوت یادی لێوە دەکرێ.

کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی ئەو ڕابەرەیە کە پاش تێپەڕ بوونی ٤٦ ساڵ، هێشتا ورەو وزەو ڕێبازەکەی بە ڕوونی دیارە بە سەر ڕەوتی کۆمەڵەو بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی کوردستاندا. کاک فوئاد بە ڕاشکاویی سۆسیالیستو لایەنگری چینی چەوساوە بوو و خۆیو ڕێکخراوەکەی بە پارێزەری بەرژەوەندیی ئەوان لە بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستاندا دەزانی.

١٠ ساڵ دوای مەرگی کاک فوئاد، لە ڕۆژی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨، کاک "سدیقی کەمانگەر" دەنگی ڕەوا و بەهێز و دلێری ڕاپەڕینی جەماوەری و یەکێک لە ڕابەرانی کۆمەڵە لەلایەن بەکرێگیراویکی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرا.

کاک سەدیقی کەمانگەر دوو ساڵ لە کاک فوئاد بە تەمەن تر بوو. لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی کاتێک ڕێکخراوی کۆمەڵە دادەمەزرێ، کاک سەدیق لە یەکەم مانگەکانی مەوجوودیەتی کۆمەڵەدا دەبێ بە تێکوشەرێکی هەڵسووڕاوی ئەو ڕێبازە. کاک سەدیق لە ساڵانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی کاتێک خەباتێکی مافخوازانە لە نێوان جوتیارانی "دارسێران"ی مەریوان و فئودالەکان کەوتەڕێ، وەکوو پارێزەرێکی جەسور و لێهاتوو ئەرکی دیفاع لە جوتیارانی بە بێ وەرگرتنی پارە وەئەستۆ گرت. لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی جەماوەریی لەدژی ڕژیمی شا، ئەندامی ناوەندی کانونی پارێزەرانی ئیران بوو کە بە ئیمزای خۆی بۆ دیفاع لە خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەریی، بەیانییەی دەردەکرد. لە مانگی پوشپەری ١٣٥٧ی هەتاوی یەکەم کۆبوونەوەی خەڵکی شاری سنەی بۆ دیفاع لە زیندانیانی سیاسی کە مانیان لە خواردن گرتبوو، لەدژی ڕژیمی شا، ڕێکخست. ئەو لەو کاتەدا سیمای عەلەنی تێکۆشانی کۆمەڵە بوو. بانگەوازەکانی هاوڕێ سدیق لە لایەن جەماوەری شۆڕشگێڕەوە جوابی وەردەگرتەوە. هەڵسووڕانی بێوچانی کاک سدیق، بوو بە هۆی کۆکردنەوەی هێزی ڕادیکاڵ و پێشڕەوی کۆمەڵگا بەرانبەر بە ڕەوتێکی کونەپەرستدا کە هەوڵی دەدا سەمەرەی خۆین و خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکا بە پاشکۆی ئیرتجاعی مەزهەبی کە لە لایەن خومەینیەوە ڕێبەری دەکرا. کاک سەدیق ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ڕێگەی تەلویزیونی سنەوە لە پەیامێکدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕاپەرینی سەرکەوتووی خۆیان چەکدار بن. لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای رووخانی ڕژیمی شا کاک سەدیق و ژمارەیەک لە هاورێیانی لەسەر ڕێنوینی کۆمەڵە جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلابیان لە شاری سنە دامەزراند و کاک سدیق بوو بە وتەبێژی ڕەسمی ئەو جەمعیەتە. کاک سەدیق لە شەری نەورۆزی شاری سنەدا لە سەدری "شورای ئینقلابی" ئەو شارەدا ڕاپەرینی قارەمانانەی خەڵکی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی سنەی لەدژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامیی رابەری کرد. دەوری لێبراوی کاک سدیق لەم دەورەیەدا لە کوردستان، ئەوی کرد بە کەسایەتێکی ناسراوی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە سەراسەری ئێراندا. لە گفتوگۆکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان و هەیئەتی نێردراوی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ شاری سنە، دەوری ڕێبەرێکی جەسوور و لێبراوی بینی. هاورێ سەدیق رابەر و ڕێکخەری مانگرتن و تەحەسونی یەک مانگەی شاری سنە بوو کە بە مەبەستی دەرکردنی پاسداران لە شار کەوتە رێ. لەگەڵ دەست پێکردنی موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەر بە هێرشی رژیم بۆسەر کوردستان، هاورێ سەدیق وەک بەرێوەبەرێکی لێهاتووی موقاوەمەتی پێشمەرگانەش لە ناوچەکانی کامیاران و سنە دەوری نواند. دوایین پۆستی تەشکیلاتی هاورێ سدیق بەرێوەبەری (رادیۆ کۆمەڵە) بوو. لە سەعات ٢ی نیوە شەوی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ لە حاڵێکدا کە تازە لە نوسینی دوایین وتاری خۆی بۆ رادیۆ کۆمەڵە تەواو ببوو و بۆ پشوودانێکی کورت لە ژورەکەی خۆی هاتبووە دەرێ، بە دەستی بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی کە دزەی کردبووە ناو ریزەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵەوە، خەڵتانی خوێن دەکرێ و دڵی کەیلی ئاواتی بە سەرکەوتنی زەحمەتکێشان بۆ هەمیشە لە لێدان دەکەوێ.

بەهمەنی جەوادی کە لە جەریانی خەباتی سیاسی نەهێنی نازناوی غوڵامی کەشاوەرزی هەڵبژاردبوو، ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی دەسکورتی ئاوایی "نارەک" سەر بەشاری گەچساران چاوی بەژین پشکووت. هێشتا تازە لاوێک بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا بوو. سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی بوو کە بەهمەنی جەوادی و هاورێیانی رێکخراوێکی خەباتکاریان بەناوی: "کردەوەی شۆڕشگێڕانە دژ بە بارودوخی مەوجود" پێکهێنا. ئەرکی ئەم رێکخراوەیە چاندنی تۆوی وشیاری لەناو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دیاری کرابوو. بەهمەنی جەوادی سالی ١٣٥٤ چووە ناو زانکۆی کەشاوەرزی کەرەج. لەگەڵ چوونە ناو زانکۆدا چووە ناو جەرگەی خەباتی سەردەمەوە و لە پاش ماوەیەک بوو بە یەکێک لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی خویندکاری لەو زانکۆیەدا.

لە رێکەوتی ١٨ی گوڵانی ١٣٥٥ی هەتاویدا خوێندکارانی زانکۆی کەرەج لە ساڵرۆژی کوشتاری کرێکارانی کارخانەی "جیهان چیتی" کەرەج بەدەستی رژیمی شا لەساڵی ١٣٥٠ دەستیان دایە مانگرتنێکی بەرین. هاورێ غوڵامی کەشاوەرز لە رێکخەرانی ئەو مانگرتنەبوو. بەو هۆیەوە هەر لەو کاتەدا لە لایەن ساواکەوە دەستگیر و خرایە ژێر سەختترین ئەشکەنجەوە و نەهێنی هاوخەباتیەکانی پاراست. لە پاییزی ١٣٥٧ لەگەڵ شکانی درگای زیندانەکان لەزیندان هاتەدەر. لەماوەی چەند مانگدا هاورێ غوڵام وەک ڕێکخەرێکی وشیار و شۆڕشگێڕ لە ڕەوتی خەباتی جەماوەریدا خەریکی چالاکی بوو: وەرێخستنی میتینگ و ڕپێوانی دژ بەرژیمی شا پێکهێنانی گروپگەلی کرێکاری، سوخەنرانی لەمیتینگەکاندا، لە زومرەی چالاکییەکانی ئەو لەسەردەمی ڕاپەریندا بوو. هەروەها ئەو لەو خەباتکارانەش بوو کە لە دەستبەسەر داگرتنی پادگانی عیشرەت ئابادی تاراندا بەشداری کرد. ئەو لەسەرەتای زستانی ١٣٥٨ بە ڕێکخراوی "یەکێتی خەباتکارنی کۆمۆنیست"ەوە پەیوەست بوو و لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە یەکێک لە روخسارە ناسراو و هەڵسووڕاوەکانی ئەو تەشکیلاتە. بەکرێگیراوانی جەهل و جینایەتی کۆماری ئیسلامیی کە لە چالاکییەکان، کاریگەریی و تواناییەکانی ئەو خەباتکارە ماندوویی نەناسە ئاگادار بوون، لە کردەوەیەکی دڕندانەدا دەستیان دایە تیرۆر کردنی هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز. لەرۆژی ٤ی خەرمانانی ١٣٦٨ لەحاڵێکدا کە پاش ٨ ساڵ دەیویست لەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری لارنکای وڵاتی قێبرس چاویان پێک بکەوێت، لەلایەن تیمیک لە بەکرێگراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، کە شوێنیان هەڵگرتبوو، درایە بەر دەسرێژی گوللە. هاورێ غوڵامی کەشاوەرز چەند سەعات دواتر لە بیمارستانی ناوەندیی لارناکا، گیانی بەختکرد.

زۆر روون و ئاشکرایە کە ساڵی ١٣٥٨ کۆمەڵە و ڕەوتی سۆسیالیستی و کاک فوئاد و کاک سدیق و دەیان کادری شۆڕشگێڕ لەچەشنی کاک غوڵام کەشاوەرز ،لەبەردەم ئەزموونێک ڕاوەستان و سەرکەوتووانە لێی هاتنە دەر. ئێستا کۆمەڵە و ڕەوتی سۆسیالیستی بە بێ کاک فوئاد و کاک سدیق و دەیان گیانبەخت کردوی تری ناو ریزەکانی کۆمەڵە ، بەڵام بە پشت بەستن بە ئەزموونێکی چڵ و دوو ساڵە و لە هەلومەرجێکی لەبارتردا دەتوانێ و دەبێ ئەرکی خۆی بۆ رابەری کردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و بۆ بەهێز کردنی ڕەوتی چەپ و عەداڵەتخواز بە ئەنجام بگەیێنێ. دەرفەتێکی مێژوویی دیکە بۆ رابەرانی ڕێکخەری بزووتنەوەی جەماوەری و بۆ وتەبێژانی پڕخرۆشی خەباتی جەماوەری رەخساوە. با بە پشت بەستن بەم ئەزموونە و بە دەرس وەرگرتن لە کاک فوئاد و کاک سدیق و کاک غوڵام کەشاوەرز، خۆمان بۆ دەوری داهاتوو تەیار بکەین.

وێرای نوێ کردنەوەی پەیمان لەگەڵ ئەو ئازیزانە، ڕێز لە یادی هەموو گیانبەختکردوانی ڕێبازێک دەگرین کە هاورێیان فواد و سدیق و غوڵام پێشەنگانی وەفاداری بوون.





# سێدارە پێناسەی کۆماری ئیسلامیی



ئارمان ڕەجەبی

لە جیهانێکدا کە زۆرێک لە وڵاتان وردە وردە سزای لەسێدارەدان هەڵدەوەشێنێتەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم ئامێرەی سەرکوت و مەرگ، بەردەوامە لە پشت بەستن بە سێدارە بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی. لە کاتێکدا لە وڵاتانی دیموکراسیدا دادپەروەری بە شەفافییەت و پرۆسەی یاسایی و مافی ژیان پێناسە دەکرێت، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا دادپەروەری بە مانای مردنی بێدەنگ و لە سێدارەدان بەبێ دادگایی کردنی ئاشکرایە، واتە لەناوبردنی سیاسی لە ژێر پەردەی یاساییدا.

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، تەنها لە ماوەی شەش مانگدا زیاتر لە ٦١٢ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون. کەسایەتییەک نەک لە دروشمەکانی نەیارەکانەوە بەڵکو لە زاری خودی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاگەیەنراوە. واتە حکومەتێک کە بەدوای خوێندا دەگەڕێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا. لەسێدارەدان ئامرازێکە بۆ مانەوەی ئەم حکومەتە. نە یاسا، نە چاکسازی، نە ئاسایش.

### سێدارە ئامرازێکی سانسۆر و تۆڵەسەندنەوەی سیاسییە.

لەسێدارەدان لە ئێران تەنها بە تاوانی کوشتن و مادده هۆشبەرەکان نییە. دەتوانرێت لە سێدارە بدەیت بەهۆی ناڕەزایی دەربڕین، داواکاری کردن. پێنج گەنجی کورد بە ناوەکانی ڕۆژگار بیگزادە و پەژمان سوڵتانی و سۆران غەسامی و کاوە ساڵحی و تیفور سەلیمی بابامیری کە لە کاتی ڕاپەڕینی ژن، ژیان،ئازادی دەستگیرکرابوون ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ١٢ سزای لەسێدارەدان دەبنەوە.

**تاوانەکەیان چییە؟** داوای ئازادی، بەرگری لە کەرامەت و دژایەتیکردنی دیکتاتۆرییەت، ئەمە دادپەروەری نییە، بەڵکو تۆڵەسەندنەوەیە. تۆڵەسەندنەوەیەک بە شێوازی حکومەتە تیرۆریستییەکان.

سێشەممەکان کە مێژوو دەنووسنەوە

لە ناو زیندانەکانەوە دەنگێک لە ناووە دەردەکەوێت کە دەبێت ببیسترێت. هەڵمەتی نەخێر بۆ لەسێدارەدان لە ڕۆژی سێشەممە ماوەی ٧٦ هەفتەیە لە دەیان بەندیخانە لە سەرانسەری وڵاتدا بە مانگرتن لە خواردن و ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەم ستەمە دەوەستێت.

ئەم بەرهەڵستکارییە بێدەنگە بەڵام بەهێزە هەمان هاواری ئازادی بیردەخاتەوە کە لە شەقامەکان لە ساڵی ١٣٨٨ تا ١٤٠١ دەبیسترا. زیندانییەکان لە قوڵایی ژوورە تاکەکەسیەکانەوە دەنووسن: «ئەو ڕژێمەی کە لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی تەممووزدا ٢٤ کەسی بە بێدەنگی لە سێدارە دا. بەبێ دادگایی کردنی گشتی، بەبێ ئاگاداری میدیا، بەبێ هیچ مافێکی بەرگری»

ئەمە جگە لە ترۆر و لە ناو بردەن چ ناوێک دەتوانرێت بدرێت؟ لەسێدارەدان بە نهێنی وەک کوشتن لە تاریکیدا وایە.

حکوومەتی لەسێدارەدان ، حکومەتی ڕق لە ژنان ، حکومەتی جینۆساید.

ئێمە لەبیرمان ناچێت، هەر لەم مانگەدا دوو ئافرەتی بەلوچ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە گوندی گونیچ کوژران. دوو گەنجی دیکەش لە هەمەدان بە گولەی حکومەت کرانە ئامانج و ئەمانە تەنها هەواڵێکی بچووکن کە لە نێو هەزاران هاواری بێدەنگدا دزەیان کردووە.

ئەم حکومەتە نەک تەنها نەیارانی سیاسی بەڵکو ژنان و کەمایەتییەکان و هەر دەنگێکی جیاوازیش بە دوژمن دەزانێت. کۆماری ئیسلامی کۆماری ترسە، ترسێک کە بە خوێن تێراو دەبێت.

### کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی تیرۆریستە

دەبێت ڕوون بین، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەبێت بە ڕونی ڕاشکاوی بۆچۆنی خۆی دەرببڕێت، کاتێک حکومەتێک نەیارەکانی بەبێ دادگایی کردن دەکوژێت، کاتێک لە سێدارەدان وەک ئامرازی کۆنترۆڵ بەکاردەهێنێت، کاتێک بەندیخانەکان دەکاتە شوێنی ئەشکەنجەدان، ئەم حکومەتە چیتر لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا ناگونجێت. ئەم حکومەتە تیرۆریستە نەک بە بۆمب لە شەقامەکان، بەڵکو بە سێدارە لە زیندان. نەک لە بۆشایی یاساییدا، بەڵکو بە سوودوەرگرتن لە یاسا. نەک لەلایەن گروپە نەناسراوەکانەوە، بەڵکو بە واژۆی دادوەر و بڕیارێکی فەرمی سەلماندراوە کە ڕژیمێکی تێرۆریستە.

بێدەنگی بەسە.

ئێمە داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حکوومەتە و ڕۆشنبیرانی جیهان دەکەین، کە بانگەشەی دیموکراسیی دەکەن؛ ئەم لەسێدارەدانانە تەنها ژمارە نین، ئەمانە مرۆڤن، گەنجێک، دایکێک، منداڵێک، خۆپیشاندەرێک، هیوایەک... بەپەتی هەڵدەواسرێت.

هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی هەموو حوکمەکانی لەسێدارەدان مافێکی بنەڕەتی هەموو مرۆڤێکە و دەبێت وەک داواکارییەکی بەپەلە و جیهانی بەرزبکرێتەوە.

ئێمە بێدەنگ نابین، تا ئەو ڕۆژەی کە ئەم حکوومەتە بەرپرسیار دەبێت لە بەرانبەر هەر دڵۆپە خوێنێک کە ڕژاوە.

هەتا ئەو ڕۆژەی کە حەق و ڕاستی لە سێدارە دادەبەزێت و دادپەروەری دەگاتە ڕیزی خۆیەوە.

# وەفاداران

ئێوە ئەو ئەستێرە گەشانەی ئاسمانی چەوساوانن
هەتا شەو ڕەش و ڕەشتر بێ ئێوە هەرگەش و گەشترن



## بە یادی هاوڕێ "سانیە بەهرامی" پێشمەرگەی وشیار و فیداکاری کۆمەڵە

هاوڕێ سانیە بەهرامی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاویی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی "قەڵاڕیانە" سەر بە ناوچەی دیواندەرە، چاوی بە ژین هەڵهێنا.

سانیە خوێندنی سەرەتایی لە ئاوایی خۆیان دەستپێکرد و دەورانی منداڵی ئەو و بنەماڵەی، گۆشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگەڵ بوو بۆیە لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەری کرا و نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و هەر لە سەرەتای منداڵییەوە، لە پشت دار قاڵی، خۆی دیتەوە، بەڵام بەهۆی ئازایی، زەینی تیژ و هەوڵدانی خۆی و بە یارمەتی و هاوکاری ئەندامانی بنەماڵەی (براکانی) , هاوڕێ سانیە توانی فێری نووسین و خوێندن ببێت و تا ڕادەیەکی زۆر زانست و وشیاری خۆی بەرێتە سەر.خانەوادەی هاوڕێ سانیە لەبەر دۆخی ئابووری و نالەباری دۆخی ژیان کە ئەوانیشی وەکوو هەموو بنەماڵە زەحمەتکێش و کرێکارییەکان تووشی دەرد و ئازار کردبوو ناچار بوون ڕوو بکەنە شاری دیواندەرە و لەوێ بۆ دابین کردنی ژیانیان هەوڵ بدەن.

لە شاری دیواندەرە و ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و لە گەرمەی شۆڕشی بەرینی جەماوەری زۆرلێکراو دژی ڕژیمی پاشایەتی هاوڕێ سانیە کە ژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەوانە برا گەورەکەی (هاوڕێی گیانبەختکردوو قادر بەهرامی) بەشداری چالاکیی سیاسی بوون وردە وردە فێری کاری سیاسیی بوو و هاتە ناو جەرگەی خەباتی سیاسیەوە .هاوڕێ سانیە بەهرامی هەستی بەوە کردبوو کە ڕەنج و بێ عەداڵەتی، چارەنووسی هەتا هەتایی نییە و ئەکرێت و ئەبێت بۆ ئازادیی و سەربەستیی، خەبات بکا.

بیری خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانە و درێژەی هەڵسووڕانی سیاسی وایکرد کە هاوڕێ سانیە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پەیوەندیی بە تەشکیلاتی ئاشکرای کۆمەڵەوە گرت و خۆی گەیاندە فێرگەی سیاسی نیزامیی کۆمەڵە و بە ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە پەیوەست بوو و بەم شێوەیە خەباتی خۆی لێبڕاوانەتر لە جاران لە پێناو بەختەوەریی و شۆڕشی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و گەیشتن بە ئازادی و سوسیالیزم، بە تەشکیلاتی کۆمەڵەوە گرێدا و دوای کۆتایی سەرکەوتووانەی دەورەی سیاسی نیزامی لە یەکێک لە گۆردانە ڕزمییەکانی کۆمەڵە، "گۆردانی نەکەرۆز" سازمان درا.سانیە بە شوور و شەوقێکی زۆرەوە، پڕ لە هیوا بۆ ڕزگاری لە زوڵم و زۆر و دژ بە دەسەڵاتی دژە ژن و کۆنەپەرەست و سەرکوتگەری ئیسلامیی ئێران بە شانازییەوە چەکی، هەڵگرت.

تەقەلا، بڕوا بە خۆ بوون و هەوڵی ماندوونەناسانەی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی پێسپێردراوە، فیداکاریی و لەخۆ بردوویی، لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی هاوڕێ سانیە بوون.

هاوڕێ سانیە لە زستانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویی نێردرا بۆ ناوچەی دیواندەرە لە گۆردانی چیا سازمان درا و لە تەواوی چالاکییە نیزامییەکانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویی دژ بە هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران و هەموو جەولە سیاسی_ نیزامییەکانی پێشمەرگەکان لەم ناوچەیە، چالاکانە بەشداریی کرد.

ماوەیەک لەگەڵ تیمەکەی خۆی چووە ناوچەی بانە و لەم ناوچەیەدا زۆر زوو توانی لە نێوان هاوڕێیانی پێشمەرگە و خەڵکی زەحمەتکێش ببێت بە سیمایەکی خۆشەویست و جێی متمانە هێشتاکە خەڵکی ئاوییەکانی دەوروبەری ئاربەبا و بناری سوورکێو بە تایبەتی ژنانی بەشمەینەت و زوڵم لێکراو و زەحمەتکێشی ئاواییەکانی گەرماو، سیسارک و سماقان سیمای مەتین و سەمیمی و بیرەوەری ئازایی و جەسارتی ئەویان چ لە هێرش بۆ سەر هێزەکانی دوژمن و چ ئەو کاتانەی وا بە تاسەوە لەگەڵیان وتووێژی ئەکرد و بە تاقەتەوە گوێ لە گەڕانەوەی دەرد و ڕەنجی ئەوان ئەگرت و ڕێگای ڕزگاری و یەکگرتوویی بۆ خەبات دژی ستم و بێ عەداڵەتی پێ نیشان ئەدان، لە یاد ناکەن.

سانیە بەهرامی لە نێو خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش، بە زمانێکی پاراو قسەی ئەکرد و ئەوانی بە سەرچاوەی هەژاری و بێبەشییەکانیان ئاشنا ئەکرد.

وشیار کردنەوە و ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ خەبات لە دژی هەڵاواردن و ستەم و چەوسانەوە و بێ عەداڵەتی و هەڵپێچانی دامودەزگای سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامیی ئێران، ئەو ئەرکە پیرۆزانە بوو کە هاوڕێ سانیە بێوچان هەوڵی بۆ ئەدان و لەم ڕێگایەدا لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکرد .لەو ماوەیەدا جیا لەوەی کە لە هەموو چالاکییە نیزامییەکانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دژ بە هێزەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران، چالاکانە بەشداریی ئەکرد، بەرپرسایەتی تەداروکاتی "پەل و گوردان"ی لە ئەستۆ بوو.دوای ماوەیەک بە هۆی لێهاتوویی و جەسارەتی لە بۆاری نیزامی، بەرپرسایەتی نیزامی تیمێکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی، پی سپێردرا.سانیە بێ وچان و ماندوویی نەناسانە ئەرکی شۆڕشگێڕانە و تەشکیلاتی خۆی بە ئەنجام ئەگەیاند و بە هۆی ئەنجام دانی سەرکەوتووانەی ئەرکە پێی سپێردراوەکانی لە لایەن تەشکیلاتەوە، چەندین جار تشویق کرا.

سەرئەنجام لە شەڕی ڕۆژی ٢٨ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویی لە تێکشکاندنی هێرشی هێزەکانی سەرکوتگەری ڕژیمی ئیسلامیی ئێران لە ئاواییەکانی "مەوی" و"تازئاوا" لە ناوچەی تیلەکۆی دیواندەرە، هاوڕێ سانیە بەهرامی دوای حماسەیەکی کەم وێنە و لە کاتی پێشڕەوی بەرەو سەنگەرەکانی دوژمن بە پریشکی خۆمپارە بریندار بوو و کاتی گواستنەوەی بۆ دواوە، بە داخەوە پریشکیکی دیکەی خۆمپارەی بەرکەوت و دڵی پڕ لە عیشقی بە ئازادی و سوسیالیزم، لە لێدان کەوت و چووە ڕیزی گیانبەختکردوانی ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی هەژار و چەوساوەی کوردستان.

# کوشتاری ٦٧ لاپەڕەیەکی تر لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی



دواڕۆژ

ئەم ڕۆژانە یادی ٣٧مین ساڵی بەڕێوەچوونی فەرمانی خومەینییە بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی لە ئێران. کە ئەم کوشتارە بەکۆمەڵانە لە یەکەمین ڕۆژەکانی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوییەوە دەستپێدەکات و لە ماوەی مانگەکانی گەلاوێژ و خەرماناندا بەو پەڕی خۆی دەگات. دوای نۆشینی جامی ژەهر لە لایەن خۆمەینییەوە و پاش کۆتایی هاتن بە شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە پلان و بەرنامەیەکی داڕێژراو و بۆ پێشگرتن بە هەستانی شەپۆلی نارەزایەتی خەڵک کە سەرانی ڕژیم پاش جامی ژەهر لێی دەترسان، هەزاران ئازادیخواز و تێکۆشەر بە بیروباوەڕی جیاوە کە دەسبەسەر و ڕاپێچی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی کرابون و زۆرەبەی هەرە زۆریان سزاکەیان تەواو ببوو دەبو ئازاد بکرێن، کوشتاری بە کۆمەڵیان دەسپێدەکەن و ئەم کوشتارەش لە ١١٠ شاری ئێران و بە فەرمانی خومەینی جەللاد بە کردەوە دەرهات. لەو ماوەیەدا تەواوی بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیی پڕ بوون لە زیندانی سیاسی، لە ناکاو زیندانییەکان خرانە حاڵەتی قەرەنتینە، هەموو چاوپێکەتنەکانی زیندانیان و بنەماڵەکانیان ڕاگیران. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان لە بەندەکان دەرهاتن. پاسەوانانی ناو زیندانەکان گۆڕان و پاسدارانی جینایەتکاری سپا جێگایان گرتنەوە. بەندکراوەکان چوار چوار و لە گرووپی شەش کەسیدا بەرەو لای پەتی سێدارە کە لە پێش ساڵۆنی کۆبونەوەکاندا هەڵاوەسرابوون، ڕەوانە دەکران و لە چەن چرکەدا هەموو شتێک کۆتایی پێدەهات.

ژنان و کچانی لە سێدارە دراو

زۆربەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە پەیوەند لەگەڵ کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دەیەی شەستی هەتاویدا، باس لە ژمارەیەکی سەرسووڕهێنەر دەکەن کە زۆر جار ژمارەی ڕاستی کوشتارەکان نەزانراوە بەڵام باس لە ١٢٠ هەزار کەس دەکرێ کە یان لە سێدارە دراون و یان تیرباران. لەم ڕێژەیە ناو و ژیانی ٢٠ هەزار کەس زانراوە و وێنە و ژیان نامەیان لە بەر دەس دایە و لە سایتە جۆراوجۆرەکانی سەر بەلایەنە سیاسییەکان بەرچاو دەکەون. لەناو سەرجەمی قوربانیادا ناو و وێنەی پێنج هەزار کەس لە ژنان و کچان بەرچاو دەکەوێ کە پێش لە سێدارەدانیان بە سەختترین ئەشکەنجەکان و دەستدرێژی جنسی ئازار دراون و پاشان کۆتایی بە ژیانیان هێندراوە.

بە پێی سەرژمێرییەکان :

٦٨١ ژن تەنیا لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەس داوە و٥٣ ژنیان دووگیان بوو. ٧٨٩ کچی تەمەن ١١ بۆ ١٨ ساڵان بوون کە زۆربەیان پێش کوشتاریان دستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر. ٢٣٠ کەسیان خوێندواریان لەئاستێکی بەرز هەبووە. ٧٣٤ کەسیان لیسانس و٤٠١ کەس خاوەنی دیپلۆم بوون. ٣٨١ ژن کارمەند و ٧٣ کەسیان هونەرمەند. پێویستە بوترێ کە ژنان و کچانێکیش بوون کە لە شەقامەکان و کۆڵانەکان بەدەستی کۆماری ئیسلامیی تیرۆر کراون.

ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دایکانی زیندانیانی سیاسی کە تەمەنیان لە سەروی ٥٠ ساڵەوە بوو، بە دەستی جەڵادانی کۆماری ئیسلامیی یان تیرەباران کراون یان لە سێدارە دراون یان خۆ بۆ درێژ ماوە لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا ماونەتەوە.

ژمارەی ئێعدامەکان

بەشیکی هەرە زۆری ئامارەکان باس لە ٣٠ هەزار کەس دەکەن کە لە ساڵی ١٣٦٧دا بە فەرمانی خۆمەینی لەسێدارە دراون. دەسپێکی ئەم شەپۆلە لە کوشتارە بە کۆمەڵەکان لە سەرەتاوە لە زیندانەکانی ئەوین و گەوهەردەشتن و پاشان لە دەرفەتێکی زۆر کەمدا دەگوازرێنەوە بۆ زیندانەکانی تریش کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا.

مونتەزری لە کتێبی بیرەوەریەکانیدا بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتانەی کە بە دەستی گەیشتبوون، ژمارەی کوژراوەکان ٢٨٠٠ تا ٣٨٠٠ کەس باس کردوە و لەلایەکی تریشەوە لەسەر بنەمای هێندێک لە ڕاپۆرتەکان کوژراوەکان لە نێوان ٥ تا ٦ هەزار ئینسانی تێکۆشەر دایە کە لەم جەنایەتە سامناکەدا گیانیان لە پێناو خۆڕاگری و لەسەر بیر و بۆچوونەکانیان لەدەستداوە.

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، لە ساڵی١٣٨٤ لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی "وەزیرانی مەرگ"، دەوری ڕاستەوخۆی مستەفا پورمحەممەدی، لە جەریانی ئێعدامی بە هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسیدا بەڵگەمەند کردوە. لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا، موستەفا پورمحەممەدی، ئەندامی هەیئەتێک بوو کە بە هەزاران زیندانی سیاسی دوای بازجویی دو سێ خولەکی بەرەو جوخەکانی مەرگ ڕەوانە کرد. سزای مەرگی زیندانیانیەکان لە حاڵێکدا دەردەکرا کە دادگاکانی "شۆڕش" پێشتر ژمارەیەکی زۆر لەم کەسانەیان بە زیندان مەحکوم کردبوو وە دەورەی زیندانیان تێپەڕ کردبوو.

پرۆژەی کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران لە ڕۆژی هەینی ٢٨ ی مانگی پوشپەڕی ١٣٦٧ تەنیا ڕۆژێک دوای بە سەرەوە نانی جامی ژەهری قەبوڵ کردنی ئاگربەس لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراقدا، لەسەر بنەمای فەرمانی خومەینی دەستی پێکرد.

خومەینی بە پێک هێنانی کومیتەیەک بریتی لە "نەیێری" قازی شەرع، "ئەشراقی" دادستانی تاران و "موسەوی ئەردەبیلی" دادستانی گشتی تاران و بە دەرکردنی فتوای مەزهەبی فەرمانی کوشتاری بە هەزاران زیندانی سیاسی دەرکرد. دوای دەرکردنی ئەم فتوایە جینایتکارانی پیشەیی وەک "لاجەوەردی" و "داوودی" و دەیان جینایەتکاری دیکە زیندانەکانی بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی کردە مەیدانی شەڕێکی یەک لایەنە و شکست لە بەرەی شەڕیان لە زیندانەکان و بە دوور لە چاوی خەڵک کرد بە سەرکەوتن بۆ ئیسلام. سێدارەکان بەرپا کران و خەباتکارانی ئازادیخواز بە وتنی "نا" بە جەلادانی ڕژیم لە سێدارەدران و سەرشوڕی مێژوویان بۆ جەلادانی کۆماری ئیسلامی بەجێهێشت. بە هەزاران زیندانی خەباتکار و خۆڕاگر ئێعدام کران، بەڵام لە بەرانبەر جینایەتکارانی ئیسلامییدا سەریان دانەنواند. هەواڵی ئەم جینایەتە لە ڕادیو و تەلەویزیون و ڕاگەیەنەرەکاندا بڵاو نەکرایەوە و خومەینی و هاوکارەکانی لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەتوانن قفلی دیکتاتوری بۆ هەتاهەتایی لە سەر دەمی کۆمەڵگا بدەن. تەرمی قوربانیانی ئەم جینایەتە بە نەهێنی لە خاوەرانی تاران، دارالرحمەی شیراز، باغی ڕێزوانی ئیسفەهان، حەوشەی بەناو دادگای ئینقلابی سنە و دەیان شوێنی دیکە بە خاک سپێردران. ناوی گۆڕستانی ئەم ئازیزانەیان کرد بە "لەعنەت ئاوا" تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان خەڵک دووری لێبگرن. بەڵام ئەم گۆڕستانانە دەستبەجێ بوونە شوێنی ئازیزانی لەبیرنەکراو و بە دڵنیایەوە لە داهاتوودا دەبێتە شوێنی بە یەک گەیشتنەوەی ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری مروڤ.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧دا کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئەگەر لە مانگی گەلاوێژدا کومیتەی بەڕێوەبەری فەرمانی خومەینی ئەولەویتی خۆی کوشتاری زیندانیانی موجاهێد دانابوو ئەم جار ئینسان کوژان کوشتاری زیندانیانی کومونیستیان خستە ئەولەویتی خۆیانەوە. ژمارەیەکی زۆر کەم لە هاوسەنگەرانی قوربانیانی جینایەتی هاوینی ساڵی ٦٧ کە لەو کوشتارە بەکۆمەڵە ڕزگاریان بووە لە بیرەوەریەکانی خۆیاندا بەشێک لە کردەوەی دڕندانەی جینایەتکاران و زیندانیانی بێ دیفاعیان بۆ بیروڕای گشتی گێڕایەوە. بەڵام هێشتا ئەمەش دەرخەری گشت ڕاستییەکان نییە. هێشتا بەشێکی گەورە لە ڕاستییەکانی ئەم جینایەتە لە خەڵک شاردرایەوە. زۆرێک لە بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتە، لە دادستانی گشتیەوە تا سەرۆکی دادگاکان و باقی جینایەتکارانێک کە لە کارەساتی کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ ئامرازی بەهێزی خومەینی لە شەڕ لەدژی زیندانیانی بێ دیفاع بوون، چەند ساڵ دواتر جل و بەرگی ئیسلاح خوازانی حکومەتیان لەبەر کرد و بۆ ڕزگار کردنی کەشتی قەیران لێدراوی حکومەتی ئیسلامیی وەخۆ کەوتن و ئەمجارە کەشتی ئەوانیش لە ناو هەرگدا گیرساو تا بەم ڕۆژ هەر بەردەوامن لە جینایەت و زوڵم و زۆر.



# ژنان، جەنگاوەرانی ناو خەبات و چەقڵی چاوی دوژمنانی کوردستان

م. باران

ژنانی ڕۆژهەڵات

بێگومان ژنانی کورد لە ڕیزی تێکۆشەرانی بەرچاوی مێژووی خەبات و تێکۆشانی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانن بۆ دەستەبەر کردنی ژیانێکی ئاسودە و یەکسان. ئەوان لەپاڵ دایکایەتیی و پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان، لەگەڵ تێکۆشان بۆ دەستخستنی مافەکانی خۆیان، هەرگیز دەستە وەستان نەوەستاون وبەردەوام چ لەناو سەنگەرەکانی شەڕداو چ لە پشت بەرەکانی شەڕ، چالاک و بەشدار بوون و کاریگەری بەرچاویان هەبووە لە پێش خستنی بزێنتەوەی ڕزگاریدەری کوردستاندا. بەهۆی هێرشی بەردەوام و لە وەستان نەهاتوی داگیرکەران بۆ سەر کوردستان، شۆڕش و بەرخۆدان هەمیشە لە کوردستاندا هەبووە و بەردەوام سەنگەرەکانی خەبات ئاوەدان بوون. ژنان بەردەوام و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بەشدار و چالاک بوون و زۆرترین زیانیان بینیوە و باری قورسی ژیان و خەبات بەردەوام بەسەر سەری ئەوانەوە بووە. بەشەهامەتەوە دەتوانین بڵێن کە ڕۆژهەڵات خاوەنی بەرزترین ڕێژەی خەبات و تێکۆشانی ژنان بووە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا. لەدوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕژیمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامیی، ژنان بەتایبەت ژنانی کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرین و بێ وێنە هاتنە مەیدانی خەباتی سیاسی و جەماوەری و لەهەموو مەیدانەکانی خەباتدا بەشدارو چالاک بوون. هەر وەک ئاماژەمان پێدا بەشداری ژنانی کورد لە سیاسەت و هەڵگرتنی چەکدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. بێگومان کۆمەڵە وەک هێزێکی نوێ و چەپ و سوسیالیستی لە کوردستان، یەکەم هێزی بزوێنەر و هاندەر و پشتیوانی ژنان لە کوردستان بوو. هێرشی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی سالی ١٣٥٨دا، ئەگەر هێرشێک بوو بۆ ئەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە کوردستان لە ناو جەرگەی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، لە ڕاستیشدا هێرشێکیش بوو بۆ سەر ژنانیش. لەبەر ئەوەی ژنان شان بەشانی پیاوان هاتبوونە مەیدانی خەبات بە دژی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو. هاتنە مەیدانی ژنان و هاوشان لەگەڵ جەماوەری کوردستان بۆ ڕژیم تەحەموول نەدەکرا. ژنان لە کوردستان ڕاپێچی زیندان دەکران و دەخرانە بەر توندوتیژترین ئەشکەنجەکان و سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپا.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە پەیوەند لەگەڵ ژنانی کوردی لە سێدارە دراو بڵاو بۆتەوە دەریدەخەن کە لە سەدا نەوەد و نۆی تەمەنی ئەم ژنانە لە نێوان ١٨ تا ٢٥ ساڵاندا بووە. بە پێی سەرجەمی ئەو توێژینەوانەی کە لە پەیوەند لەگەڵ ژنانی کوردا کراوە دەریدەخەن کە :

٦١ ژنی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٦٧ بە تاوانی چالاکی سیاسی لە سێدارە دراون. ئەم ژنانە لە کاتێکدا کۆتایی بە ژیانیان هاتووە کە ١٧ لەسەدیان ژێر ١٨ ساڵ، ٥١ لە سەدیان لە نێوان ساڵەکانی ١٨ تا ٢٥ ساڵان، ٢٥ لەسەدیان لە نێوان ٢٦ تا ٣٠ ساڵان دابووە کە ڕێکەوتی لە سێدارەدراوی ٢٨ لە سەدیان لە نیوان ساڵەکانی ١٣٦٠ تا ١٣٦٢ی هەتاویدا بووە. ٢٢ لەسەدەکەی تریشیان لە نێوان سالەکانی ١٣٦٣ تا ١٣٦٧هەتاویدا بووە. دروشمی زۆر بەجێ و ژیرانەی کۆمەڵە وەک ئامانجی ڕاستەقینەی ئەو ڕێکخراوەیە، داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان و بەشداری دانی ئەوان لە خەباتێکدا بوو کە تێیدا دەبوو ژنانیش بەشدار بن. ژنانیش دەبوو بێجیاوازی بۆ دەستەبەر کردنی ئاوات و خۆزگەکانیان خەبات کەن و توانایی و هێزی لەبن نەهاتووی خۆیان بێننە مەیدان و بە هەمووانی نیشان بەن.

سیاسەتی کۆمەڵە بۆ چەکدار کردن و ڕێگەخۆشکردن بۆ پەیوەستبوونی ژنان بە ڕیزەکانی شۆڕش بە هیمەتی خودی ژنان شکڵی گرت. سادق بوون و خۆشەویستی و چالاک بوونی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەتی بۆ مسۆگەر کردنی مافەکانی ژنان و جێگر کردنی لە کوردستاندا، سەرنجی ژنانیشی بۆ ئەم بەشە لە خەبات ڕاکێشابوو. ژنانی ئازار چێشتوو ، خۆزگە و ئاواتی خۆیان لە ناو ڕێبازی "کۆمەڵە"دا دەدیتەوەو کۆمەڵەیان بە هی خۆیان دەزانی.

ژنانێک کە سووکایەتی و نایەکسانیان لە ژیانی خۆیاندا ئەزموون کردبوو

لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا مەجالیان بۆ خولقا و توانیان ئیرادەی خۆیان نیشان بدەن و بەهیمەتی خۆیان جێگای خۆیان لە هەموو بوارێکدا کردەوە و کۆمەڵەش ئەو سەنگەر و مەیدانە بوو کە ژنان دەیان توانی تێیدا ڕۆڵ بگێرن و تواناییەکانی خۆیانی تێیدا نیشان بدەن. لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵە دەیهەویست کە لە هەموو توێژ و لایەنەکانی کۆمەڵگادا، ڕەچەشکێنی خەباتیکی نوێ لە سەردەمی خۆیدا بێت و خۆی زیاتر لەوی کە هەیە کۆمەڵایەتیتر و جەماوەریتر کاتەوە ساڵی ١٣٦١ بۆ یەکەمجار لە هەر چوار پارچەی کوردستان چەغماغەی بەشداری ژنان لە شۆڕش و بەدەستەوەگرتنی چەکی بەرخۆدان لە لایەن کۆمەڵەوە لێدرا. یەکەم دەستەی پێشمەرگەی ژنان لە کۆمەڵەدا چەکدار کران و ئیتر ژنان لە ڕیزی پێشەوە هاتنە مەیدانی خەبات و بەرخۆدان.

ئەم ڕووداوە مێژووییە بۆ یەکەمجار بوو لە کوردستان ڕوویدەدا و تابوویەکی ئەو سەردەمە بوو کە بە دەستی کۆمەڵە و ژنانی ئازادیخواز شکا. چەکدار بوونی ژنان ئەو مەدالیایە کە هەتا هەتایە لە ملی کۆمەڵەدا ئەدرەوشێتەوە و بۆ هەمیشە بوو بە مایەی شانازی کۆمەڵە وەک تاقە حیزبی پێشکەوتوی لایەنگری مافەکانی ژنان لە کوردستان.

نابێ لە بیریشمان بچێتەوە کە ئەم هەوڵەی کۆمەڵە بۆ چەکدار کردنی ژنان تەنها بۆ ئەوە نەبوو کە چەکیان کردبێتە شان و بە شەڕ بێن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی، بەڵکوو ئەوان بە هیمەتی کۆمەڵە چەکیان کردە شانیان بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە پەیامی یەکسانیان بۆ کۆمەڵگای کوردستان پێیە. ژنانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە هێوا و بروا بە خۆیان لە ناخی هەزاران ژنی کوردستاندا زیندوو کردەوە. بە هەزاران ژن لە کوردستان کە لە بنەماڵەی خۆیان لە ژێر گوشاری ڕوانینی کۆنی سوونەتی ئازاریان دەچێشت، سووکایەتیان پێدەکرا و ناڕازیی بوون، هانایان بۆ پێشمەرگەی کۆمەڵە دەهێنا، بەو جۆرە پاشەکەشەیان بە برا و باوک و کەس و کاری دەمارگرژی خۆیان دەکرد. ژمارەیەکی زۆر لە ژنانێک کە لە ژێر زەختی سونەتی دواکەوتووی کۆمەڵگادا بوون، هاتنە ناو ڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵە. سەرەڕای ئەمانە ژنان لە ناو هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا بە دوو قاتی پیاوان زیاتر زەحمەتیان کێشا، ئازاریان دی تا توانیان جێگەی خۆیان بکەنەوە. تەنانەت ئەوان لە شەڕەکاندا بۆ ئەوەی نیشان بدەن هیچیان لە پیاوەکان کەمتر نییە زۆرتر فیداکاریان دەکرد. ئەم ڕوداوە گرنگە و ئەم حەرەکەتە دەستکەوتێکی گەورە بوو کە بە ناوی کۆمەڵە و بە ناوی ژنانی سوسیالیست و تێکۆشەرانی یەکسانیخوازی ژن لە کوردستان تۆمار کرا.

شۆڕشی مەزنی ژینا « ژن، ژیان، ئازادی »کە ژنان تێدا ڕەچەشکێن و سووکانی شۆڕشەکەیان بەدەستەوە بوو لە مەودایەکی زۆر کەمدا بوو بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی گشت گیر. لەم شۆڕشەدا ژنان بە پاڵپشتی پیاوانی ئازادیخواز لە کوردستان و پشت ئەستوور بە ڕەوتی چەپ لە کوردستان واتا « کۆمەڵە» ، بڵێسەی شۆڕشێک لێدەدەن کە خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگاو ڕوخانی دەسەڵاتێکن کە ژیانی بۆ ئەوان کردۆتە دۆزەخێکی گەورە .خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ژنان لەم شۆڕشەدا بە کردەوە چوونە قۆناغێکی نوێ لە خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیی بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانیان. لەم شۆڕشەدا ژنان پێشەنگ بوون. ئازادی و یەکسانی بوو بە داخوازی سەرەکی بزووتنەوەکە. دروشمی « ژن، ژیان، ئازادی »، لە شەقامەکانی کوردستانەوە توانایەکی وەها شۆڕشگێڕانە وجووڵێنەری وەدەست خست کە بوو بە وێردی سەر زاری هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە جیهاندا و بە کردەوە یەکڕیزی و هاوسۆزێکی مەزن و گەورەی بەدوای خۆیدا ڕاکێش کرد. ئەم شۆڕشە بێدەنگییەکانی شکاند و هاواری پەنگ خواردی دەیان ساڵەی خۆی لەژێر ناوی بژی « ژن، ژیان، ئازادی » و « مەرگ بۆ دیکتاتۆر » هاوار کرد. بزووتنەوەو چاڵلکییەکانی ژنان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە خواست و ویستەکانیان کۆمەڵێک دەسکەوت و ئەزموونی بە نرخی لە شەقامی کوردستاندا تۆمار کردوە. کەواتە دەتوانین بەشەهامەتەوە بڵێن کە لەپاڵ هێزەکانی تری چالاک لە گۆڕەپانی خەبات لە کوردستان ئەوە هێزە چەپەکانن کە دەبێ ئەم دەسکەوت و ئەزمونانە بپارێزن و لەئەزمونەکانی کەڵک وەرگرن و لە شۆڕشی داهاتوودا کەڵکی لێ وەرگرن . شۆڕشگێران و ڕێبەرانی بەئەزموونی خەباتی جەماوەری لەکوردستان دەبێ لە بیری شکڵدان و پەرەپێدانی جەمسەرێکی چەپی بەهێز کە هەڵگری بە ئەمەگی ئاڵای شۆڕشی ژنان و دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە لە کوردستاندا بن و زیاتر خۆی بۆ ئامادە کەن. دەبێ شۆڕشگێران و ڕێبەرانی ئەم شۆڕشە کە لە هەوڵ و خەباتی تا ئێستایان ئەزموونیان بەدەس هێناوە لە دەوەرەی داهاتووشدا دەور بنوێنن و لەدەوری یەک کۆببنەوە و تواناییەکانیان بە شێوازێکی بەرنامە بۆ داندراو، لە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا بخەنە گەڕ و لایەنە بەهێزەکانی ئەم شۆڕشە بەهێز و بەرەوپێشی بەرن . تا بەم شێوە لایەنی چەپی ئەم شۆڕشە بەهێز کەن و هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی خۆیان واتا بەرەی شۆڕش بگۆڕن . ئەوە ئەرکی چەپەکانی کوردستانە تا جارێکی تر و بەشێوازێکی ژیرانەتر سوککانی ئەم شۆڕشە بەدەستەوە بگرن و ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری بن . ژنان و کچانی شۆڕشگێڕی کوردستان لەقۆناغی یەکەمدا ڕۆڵی باشیان گێرا و بوونە ئاوێنەی باڵا نوێنی شۆڕش و بێ گومان لەقۆناغی ئێستاشدا شەقامی شۆڕش چاوی هەر لەوانە و هەر ئەوانیش دەبن کە شان بەشانی پیاوان و دایک و باوکەکان بەرەو شۆڕشی داهاتوو هەنگاو بنێن.

کۆمەڵە تا گەیشتن بە ئازادی دەسبەرداری خەباتی ژنان نابێ



# نائۆمێدی ئێرانییەکان لە نێوان ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ و قەیرانی بژێویدا



سروە مستەفازادە

پوختە:
نیگەرانییەکان لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، هاوکات هەڵاوسان و پچڕانی بەردەوامی کارەبا دوای دوو مانگ لە کۆتاییهاتنی "جەنگی دوانزە ڕۆژە" لەگەڵ ئیسرائیل وایکردووە ئێرانییەکان لە دۆخێکی دڵەڕاوکێ و پێشبینینەکراو و نادڵنیاییدا بمێننەوە، ئەوەش بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی.

دوو مانگ دوای کۆتاییهاتنی "شەڕی ١٢ رۆژە، کۆمەڵگەی ئێران لە دۆخێکی ناسەقامگیردایە، لەلایەک هەڕەشەی دووبارەبوونەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بەسەریانەوەیە و زنجیرەیەک تەقینەوەی گوماناوی ناوبەناو و هەرجار لە شوێنێک و لەلایەکی دیکەشەوە هەڵاوسانی لەسەدا ٥٠ و پچڕانی بەردەوامی ئاو و کارەبا ژیانی خەڵکی نوقمی کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و نائومێدی و بێدەنگی زۆرەملێ کردووە.

نیگەرانییەکان لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، هاوکات هەڵاوسان و پچڕانی بەردەوامی کارەبا دوای دوو مانگ لە کۆتاییهاتنی "جەنگی دوانزە ڕۆژە" لەگەڵ ئیسرائیل وایکردووە ئێرانییەکان لە دۆخێکی دڵەڕاوکێ و پێشبینینەکراو و نادڵنیاییدا بمێننەوە، ئەوەش بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی.

ئاگربەستی ٢٤ی ئایاری نێوان ئێران و ئیسرائیل کۆتایی بە دەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک هێنا، بەڵام قورسایی دەستپێکردنەوەی شەڕ هێشتا لە قسەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و بێگومان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو کەسانەدا هەست پێدەکرێت کە لە داهاتوویەکی ناڕوون نیگەرانن.

محەمەد رەزا عارف، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران لە ١٨ی ئابدا هۆشداری دا: "ئەمڕۆ ئێمە لە ئاگربەستێکی ڕاستەقینەدا نین، بەڵکو تەنها شەڕ بەشێوەی کاتی ڕاگیراوە و دەبێت لە هەر ساتێکدا ئامادەبین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن."

ڕۆژێک پێشتر یەحیا ڕەحیم سەفەوی، فەرماندەی پێشووی سپای پاسداران و ڕاوێژکاری عەلی خامنەیی، ڕایگەیاندبوو: "ئاگری شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دەتوانێت لە هەر ساتێکدا هەڵبگیرسێتەوە، ئێمە لە ئاگربەستدا نین، بەڵکو لە دۆخی شەڕداین و دۆخەکە دەتوانێت لە هەر ساتێکدا بگۆڕێت، بە بۆچوونی من ئەگەری ململانێیەکی دیکە زۆر جدییە.

لۆمۆند وەبیری هێناوەتەوە کە لە کاتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ١٣ تا ٢٤ی ئایار — کە هاوکات لەگەڵ بۆردومانی دامەزراوە ئەتۆمییەکان لەلایەن ئەمریکاوە لە دوایین ڕۆژدا — زیاتر لە هەزار ئێرانی کوژراون کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنی بوون، بەڵام ژمارەیەک لە فەرماندەی باڵای سپای پاسداران و بەرپرسانی بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامیش لە نێو کوژراوەکاندا بوون.

لۆمۆند ئاماژە بەوە دەکات کە لەو کاتەوەی دۆناڵد ترەمپ ئاگربەستی ڕاگەیاندووە، ئیسرائیل و ئەمریکا چەندین جار هۆشدارییان داوە کە ئەگەر تاران دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم بکاتەوە، جارێکی دیکە هێرش دەکەنە سەر ئێران.

ڕۆژی ٢٢ی تەمووز، ئەیال زەمیر، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئیسرائیل جەختی لەوە کردەوە: ئێران هێشتا لە دەستماندایە وهێشتا شەڕی دژی ئێران کۆتایی نەهاتووە.

**تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوە گوماناوییەکان لە ئێران**

لە دوای ئاگربەستەوە، نزیکەی هەموو هەفتەیەک ڕووداوی گوماناوی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئێران ڕوودەدەن، ڕۆژی ١٧ی تەمموز، کۆگایەکی گەورەی بەرهەمە نەوتییەکانی تاران ئاگری گرت، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتداران هیچ هۆکارێکی ڕوون بخەنەڕوو.

لە مانگی تەممووزدا ئاگر لە چەند خاڵێکی هەستیار لە وڵاتەکەدا کەوتەوە: ناوەندێکی پاشماوەی پیشەسازی لە کرماشان، ناوچەی ئازادی بازرگانی لە شاری ئەنزەلی لە باکووری ئێران، دوو کۆمپانیای تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لە زانکۆی تەکنەلۆجیای ئیسفەهان، هەروەها گەورەترین پاڵاوگەی نەوتی ئێران لە ئابادان.

بەشێکی بەرچاو لە رای گشتی، سەرەڕای ڕەتکردنەوەکانی حکومەت، ئیسرائیل بە بەرپرسیاری ئەم ڕووداوانە دەزانن، بازرگانێکی نزیک لە بازنەی سیاسی و سەربازی دەسەڵات بە لۆمۆند دەڵێت: "هەندێک پێیان وایە کە شەڕەکە بەڕاستی نەوستاوە: تیرۆر و هێرشە ئامانجدارەکان بەردەوامن و ڕژێمیش کۆمەڵگا بێدەنگ دەکات بۆ ئەوەی سەرهەڵدانێکی جەماوەری ڕوونەدات".

خەڵک لە سەرانسەری وڵات چاوەڕێی هەڕەشەکانی ئیسرائیل یان ئەمریکا دەکەن و هەوڵ دەدەن پێشبینی بکەن ئەوە بکەن کە کەی شەڕ دەستپێدەکاتەوە.

بەپێی ڕاپرسییەکی ناوەندی ڕاپرسیی خوێندکارانی ئێران کە ڕۆژی ١٠ی ئاب بڵاوکرایەوە، لەسەدا ٥٥ی دانیشتووانی تاران نیگەرانی جددیان هەیە لە ئەگەری دەستپێکردنەوە شەڕ و زیاتر لە نیوەیان دەڵێن ناتوانن بەرگەی لێکەوتەکانی بگرن.

پسپۆرێکی دەروونناس لە تاران لەو بارەیەوە دەڵێت "داهاتوو ئەوەندە ناڕوونە کە هاوڵاتیان هیچ هەستێکیان بە کۆنترۆڵکردنی ژیانیان نییە و لە ڕووی دەروونییەوە تووشی دۆخێکی نەخوازراو بوون".

**هەڵاوسان و قەیرانی بژێوی ژیان**

دوای زیاتر لە دوو مانگ لە ئاگربەست، هێشتا دۆخی وڵات ئاسایی نەبووەتەوە بەشێک لە باڵیۆزخانەکانی ئەورووپا لەوانەش باڵیۆزخانەکانی نەمسا و ئەڵمانیا، خزمەتگوزارییەکانیان لە تاران ڕاگرتووە و ماڵپەڕی فەرمی باڵیۆزخانەی نەمسا ڕایگەیاندووە: "بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستاوە، خزمەتگوزاری ڤیزا بۆ ماوەیەکی نادیار ڕاگیراوە".

لەم نێوەندەدا، پچڕانی بەردەوامی کارەبا و ئاو لە سەرەتای هاوینەوە و هەڵاوسان کە گەیشتووەتە نزیکەی ٥٠٪ ژیانی خەڵکی قورستر کردووە. خاوەنکارێکی تارانی وتی "ئێمە لە قۆناغێکی ناسەقامگیری بێوێنەداین، لە ماوەی سی ساڵەی چالاکیی پیشەییمدا، هەرگیز دۆخێکی وام نەبینیوە، مامەڵە بازرگانییەکان بۆ کەمترین ئاست کەم کراوەتەوە، لە کاتێکدا کۆگاکان پڕن لە کاڵای نەفرۆشراو".

لەم کەشوهەوا ناسەقامگیرەدا بزنسە بچووکەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. خاوەنی دوکانێکی ئاسنگەری لە جەرگەی تاران دەڵێت "ئەگەری دووبارەبوونەوەی شەڕ بارگرانییەکی قورسە لەسەر شانمان، لە دوای جەنگەوە، وازم لە پلانەکان هێناوە بۆ فراوانکردنی دوکانەکە و کڕینی ئامێری نوێ." کۆمپانیا گەورەکان ناچار بوون بەرهەمەکانیان کەم بکەنەوە.

نارازییەکان داوای گۆڕینی بنەڕەتی ئایدیۆلۆجیای کۆماری ئیسلامی دەکەن توندی قەیرانەکە بووەتە هۆی ئەوەی هەندێک بێدەنگی بشکێنرێت، لە ٨ی تەممووزدا ١٨٠ ئابووریناس و مامۆستای زانکۆ — لەنێویاندا عەباس ئاخوندی، وەزیری پێشووی ڕێگاوبان و گەشەپێدانی شارەکان (٢٠١٣-٢٠١٨) — لە نامەیەکی کراوەدا کە ئاراستەی خەڵک و مەسعود پزشکیانی کردبوو، داوای "گۆڕانکاری حوکمڕانی"یان کرد. ئەوان جەختیان لەسەر پێویستی چاکسازیی بنەڕەتی کردووەتەوە لەوانەش کۆتاییهێنان بە قۆرخکاریی میدیایی، ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و وتووێژی بنیاتنەر لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا بۆ پاراستنی ئێران".

هەمان ئەو بازرگانە نزیکە لە بازنەکانی سیاسی بە لۆمۆند دەڵێت" ئەم نامەیە بە شێوەیەکی بێ وێنە ڕاشکاوانەیە و ئەوەی کە ئەوان ئەوەندە بە ئاشکرا و یەکلاکەرەوە قسەیان کردووە، ئەوە دەردەخات کە نیگەرانییەکانیان نەک تەنیا بۆ وڵات، بەڵکو بۆ داهاتووی خۆیان جددییە، تەنانەت ڕەنگە پرسیاریان ئەوە بێت کە ئایا هێشتا دەتوانن بۆ ماوەی دوو سێ مانگی دیکە لە ئێران بمێننەوە؟

بەڵام بە گوێرەی لۆمۆند ئەم ڕەخنانە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەسەڵات پێکناهێنن و سەرەڕای ئەوەی خەڵک تادێت بە ئاشکرا ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن، بەڵام ئامادە نین بچنە سەر شەقام، هەمووان چاوەڕێی ئەوەن کە کەسێکی دیکە هەنگاوی یەکەم بنێت". ڕووداوەکانی ساڵانی ڕابردوو لە ئێراندا ئەوە دەردەخەن کە بزووتنەوە گەورە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بە کردەوەی کەمینەیەکی چالاک و پێشکەوتنخواز دەستیان پێکردووە، کە لە ئێران ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە لە نێو گەنجان، ژنان، خوێندکاران و گرووپە پەراوێزخراوەکاندا دەبینرێت، بەڵام بۆ ئەوەی جەماوەری بێدەنگ بچێتە پاڵیانەوە، کۆمەڵگا پێویستی بە شتێکی زیاترە لە تووڕەیی، ئەویش هیوایە، هیوا بە مانای متمانە بە ئەگەری گۆڕانکارییە، واتە باوەڕێک کە دەتوانرێت دۆخی ئێستا بگۆڕدرێت.

# فاشیستەکانی ئەمبەر وئەوبەر



جەمیل سەرمەستی

ئەو نەتەوەگەلەی کە سەردەستن و دەسەڵاتیان بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا سەپاندووە لە خۆڕا نەبووە و لە پرێک نەبوون بە کورێک. لە پشتی هەر نەتەوەیەکی سەرکەوتوو و زاڵەوە بیرێکی قووڵ جمەی دێت و هاندەر و خولقێنەری سەرکەوتنی ئەو نەتەوەگەلەیە. ئەویش بیری سەردەست بوون و بڕوای تەواو بەخۆبوون و بە داگیرکارییە کە دەیان دیاردەی دیکەش لە گەڵ خۆ دەهێنێ و دەبێتە بنەمایەکی سەلمێنراو و بیرێکی نەگۆڕ بۆ بەردەوامبوون و زاڵبوونێک کە دەچێتە خوێنی مرۆڤی سەردەست و دەسەڵاتدارەوە و بەستێنی هزریی سەردەستبوونی هەتا هەتایی بۆ خۆی وێنا دەکات. ئەمەش هیچ پەیوەست نییە بە ژمارە و هێزی مرۆیی و نیشتمانێکی دەوڵەمەند یا هەژارەوە و زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەستێنە هزرییەی کە چەقی بەستووە لە دەماری نەتەوەکاندا. دیارە ئەمەش بە سانایی بەدەست نەهاتووە و کاری بۆ کراوە و بژاردە و ڕێبەرانی ئەو نەتەوەگەلە ڕۆژگارێک کردوویانەتە بیری زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا.

لە جوگرافیایەکی سیاسیی بە ناو ئێراندا کە تۆزێک زیاتر لە سەد ساڵە هزری فاشیستی کە ئەوان پێدەڵێن سەروەری و سەردەستیی سیاسی لە لایەن بژاردە و ڕێبەرانی نەتەوەی فارسەوە کاری بۆ کراوە و دەکرێ ساڵانێکە بۆتە هزرێکی بەهێزی خۆ بەزلزان و سەرکوتگەر کە لە هەموو ئیدئۆلۆژی و بیرکردنەوەیەکی فارسەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و تا ڕاددەیەکیت زۆریش توانیویانە بڕوابەخۆبوون و خاوەنی خۆبوون لە نەتەوەکانی دیکەدا بکوژن و لە نێوان خۆیاندا دەسەڵات دەستاودەست بکەن و بە هەر نرخێک بووبێت لە ئیسلامی و پاشایی و مەشرووتەییانەوە بگرە تا بە ناو چەپ و ڕووناکبیر و بژاردەکان و ڕێبەرانی بەناو دێموکرات سیاسییان هەموویان لە یەک بابەتدا یەک دەگرنەوە و دەبنە ئەوپەڕی فاشیست و ڕەگەزپەرەست. ئەویش بەردەوامیی دەسەڵاتی نەتەوەکەی خۆیان بەسەر جوغرافیایەک کە ناویان لێناوە ئێران.

بەر لە کۆماری ئیسلامی وە لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویدا و پاش هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش و ئێستاش کە بۆنی ڕووخانی ئەو ڕژیمە دێت بۆ هەموو چین و توێژێکیان یەک خاڵ گرنگە و ئەویش دابەش نەبوونی ئەو جوغرافیایە و دەسەڵاتی نەتەوەی فارسە.

لەهەر لایەکەوە سەیریان دەکەی جۆرێک فاشیستی ڕەگەزپەرەستی خۆبەزلزان دەبینی کە پێشکەوتنەکانی جیهان و مرۆڤایەتی هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان دانەناوە و ڕۆژ بە ڕۆژ کردەوە و بیری دیکتاتۆری لە مێشکیاندا زیاتر چەکەرە دەکات و ویرووسێکی مەترسیدارن نەک تەنیا بۆ نەتەوە نافارسەکانی نێو جوغرافیای سیاسیی ئێران بەڵکوو بۆ جیهانی مرۆڤایەتی.

کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە لێواری ڕووخاندایە سەرنجی بە ناو ئۆپۆزیسیونی تاراوگە نشینی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لە شۆڕشی "ژن. ژیان.ئازادی"دا و بە تایبەت پاش گورزی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل لە ڕژیمی ئێران مشتومڕی حکوومەتی پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی زیاد کردووە.

ئەوەیکە جێگای سەرنجە لە شۆڕشی ژینادا کە شۆڕشەکە بە ناوی کورد و بە دروشمێکی کوردییەوە سەری هەڵدابوو و ڕژیمی تاساند. ژوورە هزرییەکانی فاشیست کوڕی شای پێشووی ئێرانیان زەق کردەوە و کردیانە لەمپەڕێک بۆ بەردەوامیی شۆڕشەکە و بۆ بە لاڕێدا بردنی سناریۆی جۆرج تاونیان داڕشت و بەداخەوە کەسایەتیی سیاسیی کوردیشی تێکەوت و پیلانەکەشیان سەری گرت.

9»»»



# سۆسیالیسم لە سەرەتا هەتاکوو ئێستا



ژیلا ئەحمەدی

بەشی دووهەم

دوای شکەست هێنانی چارتیستەکان لە ساڵی ١٨٤٨، ئەفکاری سۆسیالیستی بەردەوام بوو، دوو بیروباوەڕی نوێی سۆسیالیستی دێتە ئارا یەکەم ئانارشیستەکان دووهەم مارکسیزم، بنەمای تیۆری ئانارشیستەکان بۆ یەکەم جار لە لایەن پرۆدونی فەیلەسووف بەکارهێنرا. پرۆدون کە خۆی یەکێک لە سوسیالیستە خەیاڵ ئامیزەکان بوو و باوەڕی هەبوو کە بە پووچەڵ کردنی خاوەنایەتی نادەوڵەتی و دەوڵەتی، ئینسان ئازاد دەکرێت و بە یەکسانی و عیداڵەت دەست پەیدا دەکات ، دوای ئانارشیست بەدەست باکۆنین پەرەی پێدرا. لەسەر بنەمای ئانارشیستەکان دەوڵەت دەبێ لە ناو بچێت و کۆمەڵگا بەشێوازی خۆبەخشانە بێ دەسەوداوێنی زۆر و هێزی سەرکوتکەر ڕێکبخرێت، بە بڕاوی ئانارشیستەکان دەوڵت و ئۆرگانەکانی سەرچاوەی گەندەڵین ، هەڵبەت ئانارشیستەکان بێ سەرەوبەرە نین بەڵکۆ تەنیا بە نیزامی باوەڕیان هەیە کە بە هۆی هاوکاری ئازادانە درووس بووە و کۆمەڵگای بێ دەوڵەتیان قەبووڵە، هەروەها ئانارشیستەکان دو دەستەن شۆڕشگێڕانە و ڕێفۆرمخواز، ئانارشیستە شۆڕشگێڕەکان، شۆڕش، تیرۆر و مانگرتنیان قەبووڵە و لەسەدەی نوزدە زۆربەی پادشاکان و سەرۆک کۆمارەکان بەدەستی ئانارشیستە شۆڕشگێڕەکان کوژران و تێرۆر بوون، هەر لە ساڵەکانی ١٨٤٨ بۆ ١٨٧٠ ئانارشیست ڕەواجی هەبوو، هاوکات مارکسیش لەم سەردەمە دەژی و بنەمای سۆسیالیستی علمی دانرا، سۆسیالیست عیلمی و زانستی کە چوارچێوەی نەزەری و سیاسیە کە بەدەستی کارڵ مارکس و فریدریش ئەنگڵس پەرەی سەند، بە باوەڕی مارکس و ئەنگلس سوسیالیسم نەتەنیا خەیاڵ و ئارزوو نیە بەڵکوو ئاکامی حەتمی لە مێژوو و یاسای ئابووریە کە بەشێوازی سروشتی وزانستی سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیسم هان ئەدرێت. پێشتر سۆسیالیسمە خەیاڵ ئامێزەکان زۆربەی باوەڕەکانیان لەو بازنە بوو بێ ئەوەی تێکەڵاوی کاری سیاسی بن بە شێوەی کۆمەڵایەتی کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام لە سۆسیالیسم عیلمی بەهۆی دژایەتی چینایەتی لەنێوان چینی کرێکار کە زۆرینەن و چینی سەرمایەدار کە کەمینەن پۆتانسییەلێک هەیە کەدەتوانێ سیستمی سەرمایەداری بڕۆخێنێت وکۆمەڵگایک سۆسیالیستی دابمەرزێنێت و دواتر سۆسیالیزم بەرەو کۆمەڵگای بێ چیناتی یانێ کۆمۆنیزم هەنگاو بنێت کە لەو کۆمەڵگا هەمووان یەکسانن وبەشێوازی یەکسان لە ئیمکانات بەهرەمەند ئەبن.فەلسەفەی مارکس لەدوو شت پێکهاتووە ١- دیاڵکتیک مێژوویی ٢—مادەگرایی وماتریالیسم

لەدەورانێ کە مارکس ڕۆیشت بۆ زانکۆی بۆن، ئەفکاری هێگڵ بۆ ماوەی ٣٠ساڵ لەو کۆمەڵگا حاکم بوو بۆیە مارکس لە نووسراوەکانی لە دیالکتیکی هیگل کەڵکی وەرگرتووە بەڵام بەشێوازێ تر و تەنانەت لە هێگڵ ڕەخنەی هەبووە ودیالکتیکی تارێخی و مێژووی داناوە هەروەها مارکس کاریگەر بووە لەسەر قسەکانی فوئرباخ بەڵام لەبەشێکی لە فوئر باخیش ڕەخنەی هەبووە و تەنانەت مارکس ئەو قسەی فوئر باخی قەبووڵ نیە کە دەڵێت خوا ئاخرین بۆتە و دەڵێ ئینسان هێزی خۆی بۆ دەرەوە ئینتقاڵ داوە و ئەنواعی بۆت درووس ئەکات بەڵکو ڕۆژی دێت کە مرۆڤ لە هەر نەوع بەستراوەیی ڕزگاری ئەبێ و ئەبزاری بەرهەمهێنان ئەکەوێتە دەستی خۆی ولەسەر سرۆشت زاڵ ئەبێت وئیتر هیچ شێوازی پەرەستن ئایینی وسیاسی ئیحساس ناکات. مارکس پێش ئەوەی ئاڵمان بەجێ بهێلێت بەرەو لایەنگەری ئانارشیستە چەپە هێگلیەکانی مەیلی هەبوو بەڵام دوای ڕۆیشتن بۆ فەرانسە و کاریگەری سۆسیالیستە فەرانسویەکان ئەفکاری گۆردرا وهەروەها ئاشنابوونی مارکس لەگەڵ کەسێ بەناوی فردریش ئەنگلس زۆر کاریگەری بوو لەسەر ئەفکاری. خۆدی ئەنگلسیش پێشتر باوەڕی بە فەلسەفەی هێگڵ بوو بەڵام ئەنگڵس کاتێ لە ئینگلستان بوو کاریگەری چارتیستەکان لەسەری زۆربوو و کتێبێک لەم بوارە بەناوی چینی زەحمەتکێشی ئینگلستانی نووسی. بەبڕوای ئەنگڵس"شۆڕش لەئینگلستان سەنعەتی، لەفەرانسە سیاسی وله ئەلمان فیکری بوو"".مارکس بەهۆی ئەفکاری لە فەرانسە دەرکرا ولەساڵی ١٨٤٥لە بروکسڵ بەئەنگڵس پەیویست بوو .لەساڵی ١٨٤٧ کتێبێکی نووسی سەبارەت بە ڕەخنە گرتن لەکتێبی پرودۆن کە سەبارەت بە فەلسەفەی فەقر بوو و مارکس کتێبەکەی خۆی بەناوی فەقری فەلسەفە نووسی و ڕەخنەکەی سەبارەت بە پلانی بانکی خەڵک بوو کە پرۆدۆن مەترحی کردبوو بەبڕوای مارکس بانکی خەڵکی پرۆدۆن هەروەکوو سۆسیالیست خەیاڵ ئامێزەکانێ تر وەکوو فالانیستری فوریە و تەعاونییەکان (گەلەکۆمەکەکان) ئۆوێنە ، بەبڕوای مارکس بۆ چارەسەری کێشەی چینی زەحمەتکێش ئەو پێشنیارە کافی نیە چۆنکە بانکی خەڵک ناتوانێ وردە وردە کۆمەڵگا بگۆڕێت بەڵکۆ ڕێگە چارە خەباتی شۆڕشگێرانەیە. مارکس وئەنگلس لەساڵی ١٨٤٧ بە گرووپێ پێویست بوون کە لەسەرەتا بەناوی کۆمەڵگای ڕاستییەکان بوو بەڵام دواتر ناوی گۆڕا و بە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی ومارکس لەم ئەنجۆمەن خوازیاری ئەوە بوو بەجێگەی دروشمی هەموو ئینسانەکان برای یەکترن دروشمی زەحمەتکێشانی هەموو وڵاتەکان لەگەڵ یەک یەکگرتوو بن ، لەم ئەنجۆمەنە مارکس وئەنگڵس بەیاننامەیێک یان پێشکەش کرد کە سەر وتارەکەی ئەوە بوو "مێژووی هەمووی کۆمەڵگایێک مێژووی شۆڕشی چینایەتیە" و هەروەها لەبەشێ لەم بەیاننامە هاتووە کە زەحمەتکێشان هیچ شتێکیان نییە بۆ لەدەست دان جگە لە زەنجیرەکانیان و ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێ چینی زەحمەتکێش لەکاتی شیاو دەست بە کاربێ و دەسەڵات بگرێتەوە دەست. یانێ بە بڕوای مارکس دەبێ بەشێوازی ئینقلاب و شۆڕش بچێتەوە پێش. مارکس لەسالی ١٨٥٠ دەستی کرد بە نووسینی کتێبی سرمایە و ئەوەلین بەرگی سەرمایە لەساڵی ١٨٦٧چاپ کرا و بەرگەکانی تری لەساڵانی ١٨٨٥ تا١٨٩٤بەهاوکاری ئەنگڵس چاپ کرا. لەساڵی ١٨٦٢ ئەنترناسیونالی ئەوەڵ پێکهات، کە مارکس لە کۆمیتەیێک ٥٥ کەسی هەڵبژێردرا و فاکترەکانی ئەنترناسیۆنالی ئەوەڵ پێکهاتبوو لە ١- یەکیەتی کرێکارانی ئینگلیس ٢-نیشتمان پەروەرکانی مەجارستانی، لەهستانی وئیتالیایی ٣-لایەنگەرانی پرۆدۆن، ڕێبەرانێ کرێکاران کە بەسیاسەت بەدبین بوون و دەیان ویست لەڕێگەی (تعاونی) گەلەکۆمەک، سەندیکا ویارمەتی دوولایەنە دەیانویست کێشەکان چارەسەربکەن. ٤-ئیدەئالیزمەکانی ئاڵمانی کۆمۆنیزم وەکوو مارکس ، ئەنگلس و...

لە ئەساسنامەی ئەنترناسیونال ئەوەڵ مارکس ئامانجی ئەوە بوو کە لەچینی کرێکار حیزبێک گەورە درووس بکات بەڵام لایەنگەرانی پرۆدۆن کە موخالف کارسیاسی بوون هەوڵیان ئەدا لەگەڵ نەزەراتی مارکس موخالفەت بکەن هەروەها نیشتمان پەروەرەکان. تا ئەوەی کە لەساڵی ١٨٦٩ باکۆنین بەئاشکرا دژایەتی مارکسی کرد و بەهۆی ئیختلاف و دووبەرەکی لەنێو ئەنترناسیونالی ئەوڵ بووە هۆکاری هەڵوەشانەوەی . باکۆنین کە خۆی کەسێکی ئانارشیست بوو و لەگەڵ بوونی دەوڵەت مۆخالف بوو و هەروەها مارکس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان زۆرتر بۆ دەوڵەتی دموکراتیک و کاری ئینقلابێ وشۆڕش تەکیدی بوو بەڵام باکۆنین لەگەڵ دەوڵەت گرایی کاتی مارکس مۆخالف بوو وهەروها باکۆنین موخالفی خڕبوونەوە و سەنترالیزم بوو بەڵام مارکس و لایەنگەرەکانی موافق خڕبوونەوە و سەنترالیزم بوون بەهۆی ئەم ناکۆکیانە لەنێوان مارکس وباکۆنین ئەنترناسیونالی ئەوەڵ هەڵوەشایەوە، وهەر ئەو کاتە لەساڵی ١٨٧٠شەری ئەڵمان وفەرانسە دەستی پێی کرد، لەنێوان شەڕی ئەڵمان و فەرانسە کۆمۆنی پاریس رووی دا وله ٢٨مارس تاکوو ٢٨ مەی ئیدامەی هەبوو کە لە ئاخری سەرکۆت کرا، سی هەزار کەس کۆژران سی وپێنج هەزارکەس دەستبەسەر کران و سیانزەهەزار کەس مەحکووم و هەفت هەزارکەس بە نەفی و تەبعید سزادران. بەڕاستی کۆمۆنی پاریس یەکەمین حکومەتی کرێکاران بوو لە جیهاندا و خوڵقێنەری حکومەتێک بوو بەڵام بەتووندترین شێواز سەرکوت کرا. دوای کۆمۆنی پاریس شەپۆلی دژ بەشۆڕش و دژ بە سۆسیالیسم پەرەی سەند، و لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٠تا١٨٨٠ سۆسیالیسمی کەلایەنی ئانارشیستی بوو شکڵی گرت، لەساڵی ١٨٧٥ دوو حیزبی سوسیالیست کە هەر کامیان کۆمیسیۆنی ٩کەسی یان بوو لەگەڵ یەک یەکگرتووییان گرت بەناوی یەکگرتوویی سوسیالیستی کرێکاران و لە کۆنگرەی بەناوی گۆتا ئەساسنامەێکیان داڕشت، بەڵام مارکس بەپێی بەڵگە لەم یەکگرتوویە نارازی بوو و بیرۆکەی گەڵەکۆمەک (تعاونی)بەجێ بەجێ نەکردن دەزانی وحەتا لەگەڵ یاسای هەقدەست موافق نەبوو و بە نەزەری دواکەوتووانە بوو و کتێبێ بەناوی نقد برنامەی گۆتای نووسی وبەتووندی ڕەخنەی لەم کۆبوونەوە و کۆنگرە گرت، لەنێوان ساڵەکانی ١٨٧٠تا١٨٩٠بیسمارک (×دراع×م آلمان) دەسەڵاتی گرتوو بەدەستی و هەوڵی دا بە هەر شێوازێ بێ ئەحزاب سۆسیالیستی بوەستێنێ و ئەم یاسا ئیعتباری ٤ ساڵەی هەبوو، بەڵام ئەم یاسا نەیتوانی سۆسیالیزم ڕابگرێت بەڵام لەو کاتەدا زۆربەی سەندیکاکان هەڵوەشانەوە، سازمان زەحمەتکێشانی ئاڵمان داخرا و تەواوی بڵاوکراوەکان و ڕۆژنامەکانی سۆسیالیست ڕاوەستان و زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس کەسایەتی سیاسی دەستبەسەر و لە وڵاتەکەیان دوور خراون، هەرچەند بیسمارک بڕی کاری ئەنجام بدات کە خەڵک نارازی نەبن لەم شێوازە هەڵسوکەوتانە لەساڵی ١٨٨٣چەندین جۆر بیمە وەکوو بیمە بێکاری، بیمە ڕووداوەکان ، بیمەی پیری و لە کار کەوت ، بەڵام کرێکاران لەو سەردەمە ئەم شتانەیان ناویست بەڵکوو خوازیارێ پشتیوانی کرێکاران لە کارخانە و کارگە و مەعملەکان بوون دوای لاچوونی بیسمارک و هەروەها دوای دامرکاندنی لایەنگەرانی ئەنارشیسمی باکۆنین سۆسیالیزمی نوێ بە لایەنگەرانی مارکسیزم پێکهات و ئەحزابی میللیی لە ساڵ ١٨٨٩ دووهەمین ئەنترناسیونالیان پێک هێنا لە دووهەمین ئەنترناسیونال لە سالی ١٨٨٩ ئەحزاب بەشێوەی فدراسیون بە دەوریەک کۆبوونەوە و لە ساڵی ١٨٩٢ سەرلەنوێ یاسای سەندیکا دەستی بەکارکرد و لە ساڵی ١٨٩٠ حیزبی سوسیاڵ دموکرات بۆخۆی یاسای داڕشت. دوای لاچوونی بیسمارک بزووتنەوەی سۆسیاڵ دیموکرات توانی ئازادانە چالاکی بکات و توانی کورسی زۆر لە مجلس بەدەست بێنێت.

سەرچاوەکان:کتێبی سوسیالیزم ئۆرۆپایی نووسەر ئێڵی هالۆی
٢-نەزریەکانی کۆمەڵناسی لە دەورانی هاوچەرخ نووسەر جۆرج ریترز
٣-سوسیالیست تخیلی وعلمی نووسەر انگلس
٤-ویکی پیدیا

8»»»

ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆیان باش دەزانن کە هیچ پێگە و قورسایی و هێزێکی ڕێکخراویان لە وڵاتەکەی خۆشیاندا نییە و لە پێگە و قورسایی و وشیاریی کوردیش ئاگادارن، بۆیە بەو لاوازییەشەوە کە هێشتاش هیچ دەسەڵاتێکیان نییە هەوڵی بەردەوامیان بۆ ملکەچ کردن و ڕازی کردنی کورد لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسیی خۆیاندا دەدەن کە هەر سەردەستییەکەی ئەوان و ژێردەستییەکەی نەتەوەکانی دیکەیە.

لە درێژەی هەوڵەکانیاندا و پاش دڵنیابوون لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کۆنفرانسێکیان بۆ کوڕی شای پێشوو لە مۆنیخ لە وڵاتی ئاڵمان ڕێکخست و چەند کوردێکی بێ ناوونیشانی ناسیاسییان نمایش کرد و ویستیان بە نوێنەری کوردیان لە قەڵەم بدەن و بێژن کە ئێمە کوردیشمان لەگەڵە و بەمجۆرە هەم ڕوو بەدەرەوە و هەم ڕوو بە نێوخۆ بڵێن کە کۆماری ئیسلامی کە دەڕووخێ و دڵنیاییەک بدەن کە لە داهاتووی پاش ڕووخانی ڕژیم هیچ کێشە و شەڕێکی نێوخۆیی ناقەومێت و ئێرانەکەشیان بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە و بەو جۆرە پشتیوانیی وڵاتە ئورووپاییەکان و ئیسرائیل و ئەمریکاش بەدەست بێنن و پاش کۆماری ئیسلامی ئەوان بکەنەوە بە دەسەڵاتداری ئێران.

ئەمانە یان خۆیان لە گێلی داوە یان ئەوەندە گێڵن کە نازانن سەردەمی ئاگاداری و وشیارییە و نەتەوە داگیرکراوەکان و بەتایبەت کورد بۆ ئەوان بەو ئاسانییە ناخورێن و ناتوانن ئەو هەموو نەتەوە خەڵکە ستەملێکراوە و کێشە و پرسەکانیان لە وڵاتانی دیکە بشارنەوە و هەموویان بۆ نەتەوە نافارسەکان هەر دیوێکی فاشیستن و ئێستا کە دەسەڵاتیان نییە دان بە مافە سەرەتاییەکانیاندا نانێن چ بگات بەوەی هێز و دەسەڵاتیان هەبێت. ئەگەر لە کۆماری ئیسلامی و لە باوک و باواگەورەی خۆی خراپتر نەبن باشریش نین و خاوەنی بیری سەرکوتگەر و چەقبەستووی فاشیستیین. لەو ڕوانگەیەوە کورد دەبێت بە پەلە و زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات و یەکەم هەنگاو یەکگرتوویی خۆی و ئستراتژییەکی کوردستانی و هاوبەش و دواتر ڕووبەڕووی هەر داگیرکاری و سەپاندنی دەسەڵات و ملهوڕییەک ببێتەوە.

سەرنووسەر: عەزیز ناجیکەند
هەڵەچن: سۆران محەممەدی
دیزاین: سروە مستەفازادە
www.dwaroj.net

DwaRoj

دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
www.dwaroj.net
@Dwaroj-komala
@Aso Sat
@Dwaroj

# قووڵبوونەوەی، قەیرانی ئاو و بەرق لە ئێران



**هەژار. سەقز**

دوای شەڕی دوانزە ڕۆژەی نێوان ڕژیمی ئیسلامیی ئێران و ئیسرائیل، بەشێکی بەرچاو لە کێشەی نێوان دەسەڵات و خەڵک لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئابووری و هەڵاوسانێک کە بەرۆکی جەماوەری وەزاڵە هاتوی ئێرانی گرتوە و دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵکی بێدەرەتان و بە ئەسپایی خەرێکە دەیانخنکێنێت، لەم ناوەدا کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی خەڵکی گرتوە، کێشەی کەم ئاوی و نەبوونی کارەبا (بەرق)ە. ڕژیم بە هۆی نەبوونی ئاو لە ناو سەدەکاندا ناچار بووە وزەخانە ئاویەکانی دابخات و ئەوەش وایکردوە کە کێشەی گەورە لە بواری بەرهەمهێنانی بەرقدا دروست ببێت و بەو هۆیەوە زۆربەی بەرقی کارگە پیشەیەکان داخراون یا خەریکە دادەخرێن.

لەلایێکی دیکەوە وڵاتی ئێران لە ڕوانگەی مۆنوگرافی و ژێرخانی ئابووریی و کانزا و ئاو و هەتاو و هتد، خاوەن تایبەتمەندی زۆرە، بەڵام لە ڕاستیدا بە هۆی سیاسەت و بەڕێوەبەرایەتی خراپ، ئامانج و قازانجی خەڵک لە بەرچاو نەگیراوە و نەتوانراوە بە باشی کەڵک لە ژێرخانی وڵات بگیردرێت و ئەوەش وایکردوە ئێستا ئێران تووشی دەیان کارەسات چ لە دەرەوە و چ لە ناوخۆی وڵات ببێتەوە. لە ناوخۆ کێشەکان دوای شەڕی دوانزە ڕۆژە بۆ جەماوەر گەورەتر بوەتەوە و جگە لە هەڵاوسان و گرانی لە ڕادەبەدەر، کێشەی بێ ئاوی و بەرق تینی بە خەڵک هەڵچنیوە و خەڵک ناچارن وەک سەد ساڵ پێش لە ئێستە بە دەبە و تۆنگە ئاو ببەنە ناو ماڵەکانیان و ئەویش لە شارە گەورەکان زۆر ئەستەمە چونکا هەمووی باڵەخانەیە و تاک ناچارە دە پانزە قات دەبە یا تۆنگەیەک ئاو بباتە سەرەوە و لە سەر ئاگر ئاو گەرم بکات تا بتوانێت وەک سەردەمی کۆن حەمام بکات.

لەلایکی دیکەوە و بە پێی ڕاپورتە مەیدانیەکان، ئێران توشی یەکێک لە خراپترین قەیرانەکانی کەم ئاوی لە سەد ساڵ ڕابردوو بوەتەوە و ئەمەش وایکردوە زۆربەی چەم، کانی و زەریاکان وشک بن و نەبوونی بەرپرسایەتی دروست بۆ بەڕێوەبردن و چاککردنی ئەم کێشە بووەتە هۆی ئەوەی کە گۆلی ورمێ بە گشتی وشک بێت و ئەوەش لە خۆیدا کارەسات دەخولقێنێت. وشک بوونی دەریاچەی ورمێ دەبێتە هۆی گەردەلوولی خوێ و هەر ئەمەش وا دەکات کە هەموو باخ و زەویەکانی ئەو ناوچە چ تەنانەت ناوچەکانی دەوروبەری وشک بن.

لەم ناوەدا ڕژیمی ئیسلامیی ئێران تەنها کارێک کە دەیکات ئەوەیە کە داوا دەکات خەڵک ئاو کەم مەسرەف بکەن. "چەمران" سەرۆکی شورای شاری تاران وتوویەتی؛ خەڵک دەبێ ئاو کەم مەسرەف بکەن تا بەر بە کێشەی بێ ئاوی بگیردرێت. لە ڕۆژانی ڕابردوو زۆربەی کاربەدەست و بەرپرسانی ڕژیم شتگەڵێکی وەهایان هێناوەتە ئاراوە تا بەڵکوو بتوانن بەشێک لە کێشەی کەم ئاویی چارەسەر بکەن. بەڵام ئەمە نە تەنها ڕێگە چارە نییە بەڵکوو ئەمە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی گەورەتر. شارۆمەندانی ئێرانی هەر ئێستە باس لەوە دەکەن بۆ چی ئێرانێک کە لە سەر دەریایی ئاودا خەوتووە بەم ڕۆژە گەیشتووە و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە بە پێچەوانەوە قاقرستانەکانیان کردوەتە سەوزەڵانی و ڕژیمی ئیسلامیش دەشت و مەزرا و باخەکانی کردوەتە قاقرستان؟

ڕژیمی ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیاسەتی هەڵەی جەنگ ئاژوانەی لە ناوچەکە و پشتگیری لە تروریسم ئێرانی توشی شەڕ و گەمارۆ نێودەوڵەتیەکان کردووە و ئەو ڕژیمە ساڵانە میلیاردها دوڵار بۆ گروپە نیابەتیاکانی لە ناوچەکە خەرج دەکات و ئەوەش وایکردوە کە نەتوانێت گرنگی بە دۆخی ناوخۆی وڵات بدات و بۆ مانەوەی خۆی و بۆ ئەوەی شەڕ بباتە دەرەوەی ئێران هەموو هەزینەیەکی کردوە و وای لێهاتووە کە ئەو جۆرەی کە دەبوا گرنگی بە ژێرخانی وڵات بدات، نەدراوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی سەدەکانی ئاو وشک بن، بۆ نموونە حەوت سەدی گرنگی ئێران کەمتر لە سەدا دە ئاویان تێدا ماوە و دوو سەدیش بە گشتی وشک بون. بەنداوەکانی تۆروق لە خوراسان، سێرنی لە هورموزگان، کینەوەرس لە زەنجان، تەنگوئیە لە کرمان، وشمگیر، گوڵستان و بوستان لە گوڵستان، دامغان لە سمنان و نەهرین لە خوراسان کۆمەڵێک لەو سەدانەن کە وشک بوون یا خەریکن وشک دەبن و ئەمە جگە لەو دەریاچە و چۆمانەن کە تا ئێستە وشک بونبەشێک لەو هۆکارانەی کە ئێران بەمرۆ گەیشتوە بریەتییە لە؛ کەڵک وەرگرتنی خراپ، زۆربوونی جەماوەر لە شار و گوندەکان، نەبوونی بەڕێوەبەری و بەرپرسایەتی، کۆن بوونی کەلوپەل و پێڕانەگیشتنی لولە و بەنداوەکان و خەرج نەکردنی ڕژیم بۆ چاککردنی سەدەکان و هەروەها گوێ نەدانیان بە ژێرخانی ئابووری وڵات. ئەم دۆخە، دۆخێکی مەترسیدارە بۆ بێ ئاوی لە ئێران و تا چەن ڕۆژی داهاتوو کێشەی ئاو دەبێتە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئێران. بەرپرسانی ڕژیم هەمیشە خراپ بە کارهێنانی ئاو و گەرم بوونی زەویان کردەوتە بیانوو بۆ کێشەی کەم ئاویی، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرپرسایەتی ناکارا و سیاسەتی هەڵەی ڕژیم و نەبوونی مودیریەت و خەرج نەکردن بۆ پروژەکانی ئاو و گەندەڵی بەرپرسانی ڕژیم کە تان و پۆی ئەو ڕژیمەی گرتوەتەوە، ئەمانە بونەتە هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخەیە و هەروەها ڕژیم لەم ئەربەعینەدا هەموو سنووری پڕ کردوە لە ئاوی سارد و پاک بۆ خواردنی زیارەتکەرانی ئێران کە دەچن بۆ کەربەلا و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ١٣ پارێزگای ئێران بە هۆی نەبوونی ئاو و کارەباوە داخراون. ئەم قەیرانە تەنها بە یەک ڕۆژ دروست نەبوە و دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕژیم نە تەنیا لە چاککردنی کێشەکانی ئاو سەرکەوتوو نەبوون بەڵکو بە هۆی گەندەڵی و دزیی خۆیان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەم دۆخەیان دروست کرد و ئەمەش وا دەکات کە شۆڕشی ئەمجارەی خەڵکی ئێران شۆڕشی ئاو بێت.

## دواستوون

# شەپۆلی توورەیی و ناڕەزایی سەرکێشتر لە جاران، لە هەڵکشاندایە

**عەزیز ئاجیکەند**

هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران کە بە شەڕی ١٢ ڕۆژە ناسرا، هاوسەنگی هێزی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕی. ڕوخانی دەوڵەتی بەشار ئەسەد بەگشتی و ڕوودانی شەڕی ١٢ڕۆژە بە تایبەتی، کۆماری ئیسلامیی گرمۆڵە کرد و کارتە ناوچەییەکانی ئەو ڕژیمەی لێکترازاند.

گوشار و سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی، سنووردار کردنی بەرنامە مووشەکییەکەی و دامەزراندنی میکانیزمێکی چاودێری هەمیشەیی و هەروەها ڕێککەوتنی کریدۆر یان ڕێگەی ترەمپ بۆ ئاشتی و گەشەپێدانی جیهانی، وێڕای سنووردار کردنی سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی و کەم بوونەوەی بڕشت و کاریگەریەتی، ئێران بە تەواوەتی خنکاندوە و هەناسەی لێ بڕیووە. چەقبەستوویی دانوستانە ئەتۆمییەکان و نەسازانی ئێران و سوور بوونی لە سەر پێشێلکارییەکان و ئەگەری ڕوودانی شەڕی دووهەم بەکردەوە دەتوانێ دەسەڵاتی تاران یەکلایی کاتەوە. خامنەیی و دەسەڵاتەکەی ئاسۆیەکی ڕوونیان لەبەردەمدا نییە و تەنیا دەبێ ملکەچی ئەو خواست و داواکاریانە بن کە جیهان ئاراستەی کردون. هەڕەشەکان جیدین و پەیامی ڕوونیان بۆ خامنەیی هەیە ئەویش تەسلیمبوون و ملکەچ بوونە. ملکەچ نەبوونی ئێران، بارودۆخی ئابووریی خراپتر دەکات. قەیرانەکان تەشەنە دەستێن. کۆماری ئیسلامیی هەم لە ناوەوە ریسوایە هەم لە دەرەوەش دۆڕاوی سەرەکی هەموو مەیدانەکانە. ئەمڕۆ ئێران لە خراپترین بارودۆخی خۆیدا بەسەر دەبات. ناکۆکییەکانی ناو لوتکەی دەسەڵات ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبنەوە. تەنانەت لایەنگرانی هاتنەوە و چالاک بوونەوەی گوتاری چاکسازیش ناتوانێ تەمەن بۆ ڕژیم بکرێ. کۆماری ئیسلامیی تا دێ لە ناوخۆی وڵات زیاتر ریسوا دەبێ و لە دەرەوەش دۆڕاوتر لە جاران. ڕۆژ بەرۆژ کێشەوگرفتە ناوخۆیەکان پەرەدەستێن و گرفتە دەرەکیەکانیش ئەو پەڕی قورسایی خۆیان نیشان دەدەن. لاواز بوون لە دەسەڵات و ناهۆمێد بوون بە چارەسەر کردن، کۆماری ئیسلامیی بەکردەوە بەرەو لێواری بەربوونەوە پاڵ پێوەناوە. خامنەیی هەموو هەوڵی خۆی چڕ کردۆتەوە تا پشیلە ئاسا سیاسەتی چڕنۆک وەشاندن بکاتە پیشە. لە دەرەوەی سنورەکان خۆی و هاوپەیمانە تێرۆریستەکانی کەوتونەتە بەر زەبر گوشاری چەک داماڵین. خامنەیی تەنیا هەڕەشە و گوڕەشەی بۆ ماوەتەوە و بە هەڕەشە کردن دەیهەوێ قەرەبووی شکستەکانی بکاتەوە. لە ناوەوەش ناڕەزایەتی گشتیی بێداد دەکا. چاوەڕوان دەکرێ شەپۆلی توورەیی و ناڕەزایی سەرکێشتر لە جاران سەرهەڵبداتەوە و ئەمجار تەخت و بەختیان بکاتە ئامانج. کوردستان و بزووتنەوەکەی و کۆماری ئیسلامیی مێژوێکی پڕاوپڕ لە ناکۆکییان پێکەوە هەیە. ئەو ڕەوتەی کە دەستی بەسەر شۆڕشی ئێراندا گرت و هێرشی کردە سەر کوردستان بۆ هەستاندنەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕش، لە لایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستانەوە بە "نا"و بە "چەک" وەڵامی پێدرایەوە. لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوو جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردستان "شەقامیان" کردۆتە بەرچاوترین و شکۆدارترین بوارەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی. شەقام بۆ جەماوەری خەڵک ساحەی گۆڕانکاری لە خوارەوە و هیوا بە داهاتوویەکی باشترە بۆ لە گۆرنانی سیستمی قێزەونی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیی. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لەبەرانبەر شەقامی بە هێزی خەڵکدا هەموو چەشنە چەکێک، سەرکوت و جینایەتێکی بەکار هێناوە و خەڵکیش هەموو هونەرەکانی بەرخۆدان، ڕاوەستاوی و ئازایەتی لە خۆی نواندووە. دەنگی شەقام بە پانتایی هەموو ئێران و لە کوردستان بەتایبەتی بۆتە مەکۆی سیکۆلاریسم، پێشکەوتویی، خەباتی مەدەنی، کاری هاوبەش و پێکەوەیی.

وتەی کوتایی

سیاسەتی چنگ و ددان دەرخستن چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، نەک هەر ڕژیم دەرباز ناکات، بەڵکوو لەگەڵ تەنگژەی زۆرتر بەرەوڕوی دەکات. بۆیە گوتاری لەگۆڕنانی ڕژیم لە ئێستادا دەرفەت و هەلی گرینگی لەپێشە. پێک هێنانی دۆخێک بۆ زاڵ کردنی یەک گوتاریی لەناو بزوتنەوەکەماندا، کۆماری ئیسلامیی ناچار بە پاشەکشە دەکات و ڕێگا خۆش دەکات بۆ دوایین پەلامار کە ئەویش روخانییەتی.